گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

توێژینەوە

Vol.28 Issue SpC 2024
ID No. 1056 (PP 1-23)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.1

# توخمی تۆنالیتی و ئاتۆنالیتی لە موزیکی سەدەی بیستەم

**هیوا طلعت عارف/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەولێر، هەرێمی کوردستان عێراق
**احسان شاکر زلزلە/** بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی بەغداد
**ادریس عبد الله مستەفا/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی توێژینەوەکەی (وەسفی، شیکاری)یە، پشتبەستوە بە میتۆدی چۆنایەتی (qualitative). وەسفی دیاردەیەک یان ڕووداوێک یان شتێکی دیاریکراو دەکات، بە سوود وەرگرتن لە کتێب و سەرچاوەکانی تر شیکردنەوەی نمونەکان دەکات. جگە لەمانە، ئەو هەنگاوانە دەخاتە ڕوو کە چۆن توخمی موزیک (تۆنالیتی) گۆڕانکاری بەسەر هاتوە و وەک تەکنیک لە موزیکی سەدەی بیستەمدا بەکارهێندراوە. لەدواییدا شوێنی خۆی بۆ جێگرەوەکەی؛ ئاتۆناڵیتی Atonality کە بە واتای (بێ تۆناڵیتی)دێت بەجێ دەهێلێت. جگە لەوەش شێوازی بەرجەستەکردنیان دەخاتە ڕوو.

لەم توێژینەوەیە، یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی موزیکدانان باسی لێدەکرێت، کە لە سەدەی بیستەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینیوە. لەمانە پرۆسەی گواستنەوەی توخمی تۆناڵ بۆ ئاتۆناڵیتی، هەروەها لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەکۆڵرێتەوە و نموونەی لەسەر دەدرێت. بەهۆی نەبونی سەرچاوە بەزمانی کوردی، بۆیە سەرچاوەکان بەگشتی بیانین.

بەشی یەکەم، گرفت وگرنگی و ئامانجی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم، پێناسە و گۆڕانکاریەکان کە لە سەدەی بیستەمدا بەسەر موزیکی کلاسیک هاتوە، هەروەها گرنگترین دۆزراوەکانی ئەم سەدەیە سیستەمەکانی ئاتۆناڵیتی (Atonality) و تەکنیکی دوانزە تۆن (Twelve-tone technique) دەخرێتە ڕوو. لە بەشی سێیەمدا تیشک دەخرێتە سەر توخمی (تۆنالیتێت–ئاتۆنالیتی-سیستەمی ١٢ تۆن) لە خستنەڕووی زانیاری پێویست و ئاماژەدان بە شێوازی بەکارهێنانیان لە موزیکدانان. جگە لەمانە، توێژینەوەکە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک شیکاری لەخۆگرتوە، پاشان، بە خستنەڕووی ئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی هاتوە.

CORRESPONDENCE
**هیوا طلعت عارف**
hiwa.arif@su.edu.krd

وەرگرتن 2023/03/13
پەسندکردن 2023/06/22
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
تۆنالیتی،
ئاتۆنالیتی.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

لەسەدەی بیستەم موزیکدانەرە لێهاتوەکان، بەشێوەیەکی نوێ وفراوانتر لە رابردوو پێناسەی موزیك دەکەن، بەبۆچونی ئەوان، لە ئێستادا موزیك بە پێی پێناسە و مەتێریالی بەر دەست، بەشێوەیەکی دەوڵەمەند تر و گونجاو تر ئەنجام دەدرێت و بەقوڵی دەربرین لە هەستی موزیکدانەران دەکات، هەروەها هەستی مرۆڤەکان دەوروژێنێ. بەپێی ئەو تێروانینە نوێیە و سەردەمیانە، باس لە گەشەسەندنی موزیك دەکرێت. لەم توێژینەوەیە باس لە موزیکی فرە دەنگی دەکرێت، ناسراوە بە (پۆلیفۆنی). ئەمەش لە ناو چوارچێوەی ستانداردراتی ستایلی موزیکی جیهانی کە بە (کلاسیک موزیک) ناسراوە.

سەدەی بیستەم سەدەیەک بووە هانی ئاوازدانەرانی داوە، بۆ داهێنان و دۆرزینەوەی رێگاکانی بەرهەمهێنانی موزیک بە ئازادیەکی بێ سنوور و رێگاخۆشکەر بووە بۆیان لە دورکەوتن لە سیستەمە ڕەگ داکوتاوەکانی موزیکی کۆن، کە لەرابردوو کاری پێدەکرا. لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم بەهۆی پێشکەوتنی زانستی و ئەو هەموو گۆڕانکاریی و گێژاو، شەڕوپێکدادان، دڵەڕاوکێ، ترس و جەنگی جیهانی لە سەرتاسەری جیهان ڕوویاندا، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێتە سەر هەستی مرۆڤایەتی بە گشتی، هەروەها هونەرمەندان بە تایبەتی. بۆیە دەگوترێت موزیکی نوێیی دارێژراوی سەدەی بیستەم، گوزارشت لەو ڕووداو و واقیعانە دەکەن، کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە.

لەسەدەی بیستەم ئاوازدانەران بەمەبەستی نوێکاری و داهێنانی جیاواز لە رابردوو، هەوڵیانداوە لەرێگای تاقیکردنەوە و گەران بەدوای شتی تازە وکاریگەر بۆ ئەوەی لە موزیکەکەیاندا بەکاریبهێنن، بۆ ئەوەی پەیامە هونەریەکانیان بەشێوەیەکی گونجاو و قوڵتر بیگەیننە بیسەران. لە ئەنجامدا موزیک بەگشتی پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەخۆوە دەبینێت. لەگەڵ ئەوەشدا تێروانین لای هونەرمەندان جیاوازە لە تێروانینی بینەر و بیسەری بەرامبەر بەو هونەرەی، کە پێشکەش دەکرێت. بیسسەر کە زانیارییەکی هەرەمەکی لەسەر سروشتی موزیک هەیە و لە غەریزەدا مەیلی بەرەو ڕێکخستن و ئارەزوی گوێبیستی کار و بەرهەم لەسەر سیستەمەکانیی راهاتوودا هەیە، بۆیە سەرەتا جەماوەر پێشوازییان لە داهێنانەکانی سەدەی بیستەم نەکردوە.

(تۆناڵیتی) لە ساڵانی ١٦٠٠ ەوە لە ڕێکخستنی موزیکدا گرنگترین ئامراز بووە و موزیکدانەران بۆ ماوەی سێ تا چوار سەدە لە سنووری تۆناڵیتێدا بەرهەمیان پێشکەش بە جیهان کردوە. بەڵام لە سەدەی بیستەم بەهۆی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیا و گۆڕانکاری جوگرافی و ئابوری و رەوشت و شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ ...هتد، ژیانی مرۆڤ و هەموو پەیوەندیەکانی مادی لە دەوروبەری خۆی گۆڕانکاری بەسەر دێت، بەهەمانشێوە زانست و هونەری موزیکیش بەرەوپێشچوێکی خێراتر لە رابردوی بەخۆیەوە بینیوە.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ئاوازدانەرانی سەدەی بیستەم بۆ دۆزینەوەی کەرەستە و ئامرازی دەربرینی تازە بۆ موزیکەکەیان، هەستان بە دروستکردن و دۆزینەوەی چەندین تەکنیکی نوێ بۆ پەرەپێدان و دورکەوتنەوە لە موزیکی نەریتی کۆن. لەئەنجامدا (ئاتۆناڵیتی و تەکنیکی دوانزە تۆن) بوون بە گرنگترین دۆزراوەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم، کە تاوەکو ئەمرۆش کاری لەسەر دەکرێت و هەوڵ دەدرێت سوود لە نهێنیەکانی ئەم داهێنانانە وەربگیرێت. دەرکەوتنی سیستەمی ئاتۆنالیتی، لە موزیکی سەدەی بیستەم بە شۆرشێکی گەورە هەژمار دەکرێت و بە دۆزینەوەیەکی تازە دادەنرێت.

ئاتۆناڵیتی ئامرازێکە نزیکەی سەد ساڵە شوێنی تۆنالیتێی گرتوە و بۆ ڕێکخستنی موزیک بەکاردەهێنرێت. ئاوازدانەری مۆدێرنیستی، خواستی ئەوەیان هەیە بە ئازادی بەرهەمەکانی خۆیان دروست بکەن، بەبێ ئەوەی چیتر ملکەچی هەندێک یاسای توند و سنووردارکار بکەن و لە ژێر کۆنترۆلی رێنمایی کۆن و سنوردار بەرهەمی موزیکی دابنێن. بەڵام سەرەڕای حەزی ئەوان بە پەرەپێدان بە سیستەمە کۆنەکان، هەوڵی دۆزینەوەی زمانێکی موزیکی نوێ دەدەن. کێشەی کەمی پێشکەشکردنی بەرهەمە ئاتۆنالیتیەکان لە بەرنامە کۆنسێرتەکاندا، بونەتە ڕێگر لە ئاشنابوونی گوێگران بە موزیکی ئاتۆناڵ، ئەوەش بەهۆی:

یەکەم- قورساتی بەرهەمەکان لەسەر گوێچکەی بیسەران.

دووەم- کەمی زانیاری لەسەر ئەم سیستەمە نوێیە کە رێگر بووە لەوەی بیسەر بگاتە قوڵایی شێوە نوێیەکانی دەربرین و تێگەیشتن لەم سیستەمە نوێیە.

سییەم- زەحمەتی ئەداکردنی بەرهەمە دانراوەکان.

لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانین شان بەشانی میللەتانی جیهان موزیك بەرهەمبهێنین، زۆر گرینگە بەزوترین کات لە دەزگا ئەکادیمیەکان موزیکی سەردەمی بەشێوەیەکی زانستی بۆ خوێندن بخرێنە کار و سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگیرێت کە رۆڵی باڵا دەگێرێت، لە بەرەوپێشبردنی هونەری موزیکی جیهانی هەروەها کاریگەری دەبێتە سەر بەرەو پێشبردنی موزیکی میللی لە کوردستان. لەم توێژینەوەیە چەخت دەکرێتە سەر بابەتی (تۆنالیتێت)، لە خستنەڕووی زانیاری پێویست، هەروەها باس لە جێگرەوەی تۆنالیتێت دەکرێت لە موزیکی سەدەی بیستەم، کە بە (ئاتۆنالیتی) ناودەبردرێت.

بەئومێدین ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی بخاتە ڕێگای لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو، هەروەها سوودبەخش بێت بۆ هەموو ئەو کەسانە، کە ئارەزووی ئەم بابەتەیان هەیە و بەتایبەتی ئەو خوێندکارانەی، کە لە هەر دامەزراوەیەکدا پەروەردەی موزیک دەخوێنن. ئەم بڵاوکراوەیە تەوەرێکی وەرگیراوە لە تەوەرەکانی تێزەکەم،*(هەر بۆیە لێرەدا بەپێی ڕێنامییەکان، سنوردار باس و ئاماژە بە تەوەرەکان کراوە)*

**1.1گرفتی توێژینەوە:** بواری پسپۆری موزیکدانان (Composition) بە شێوەی کلاسیك یاخود مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان بوارێکی تازەیە. هەتا وەکو ئێستاش ئەم پسپۆرایەتیە لە خوێندگاکان وەک پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان بە تەواوی بناغەیەکی ئەکادیمی بۆ دانەنراوە، ئەمەش بۆتە گەورەترین کێشە لەبەردەم بەرەو پێشبردنی بوارەکە و وەبەرهەمهێنانی موزیکی مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان. لەهەمان کاتدا ڕۆڵێکی خراپی هەبووە لە گەشەی پەروەردەیی موزیکی جیهانی ومیللی لەسەر قوتابیان و هونەرمەندان. جگە لەوەش کاریگەریی و تێڕوانینی تاک لەسەر گوێگرتن و چێژ وەرگرتنی بۆ موزیک لە ناوچەکە.

کەمی کادیری شارەزا لەم بوارە دەگمەنە، نەبوونی زۆر لە پێداویستیەکانی تری ئەم پسپۆرایەتیە، چەندین گرفتی تر بونەتە کێشەی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی بەرهەمی موزیکی لەچوارچێوەی تەکنیکی مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان. هەژاری هەردوو لایەنی هونەری و ئەکادیمی، هەروەها کەمیی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیی لەم بوارەدا، کێشەیەکی ترە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕوی دەبینەوە. بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە سەرەکیانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە و دەپرسێت: (ئایا دەتوانین سوود لە سیستەمە مۆدێرنەکانی موزیکدانان لە جیهان وەربگرین بۆ بەرەوپێشبردنی بواری موزیکدانان لە هەرێمی کوردستان).

**1.2 گرینگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک ئاماژەی پێ دەکەین:

1- توخمی تۆنالیتی، جگە لە رۆڵی سەرەکی بەکارهێنانی وەکو ئامراز، شێوازی بەکارهێنانی وەک تەکنیک لە موزیکی سەدەی بیستەم دەخرێتە روو.

2- تێگەیشتن، فێربوون و فێرکردنی شێوازە نوێیەکانی زمانی موزیک لە سەدەی بیستەم، بۆ پەرەپێدان بە موزیکی هاوچەرخ لە وڵاتەکەمان، بۆ ناوەندی موزیك پێویستیەکی گرنگە.

3- هەر زانیاریەکی ئەکادیمی بە زمانی کوردی لەسەر موزیکی سەدەی بیستەم گرنگە و سوودی لێ وەردەگیرێت و تاڕادەیەک کێشەی نەبوونی سەرچاوە کەم دەکاتەوە.

4- دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییەکانی موزیکی ناوەخۆیی و ئاراستەکانی موزیکی هاوچەرخ، بۆ بەدیهێنانی موزیکێك، کە کەلەپوور و هاوچەرخێتی پێکەوە کۆبکاتەوە.

5- ئەم جۆرە بڵاوکراوانە دەبنە هۆی هاندانی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر زانستەکانی موزیکی مۆدێرن (modern music) و موزیکی هاوچەرخ (Contemporary music).

6- روناکیەک دەخاتە رێگاکانی موزیکدانان بۆ ئەوەی بەرهەمی موزیکی کوردی لە ئاست و شێوازی مۆدێرن بە بەکارهێنانی کەرەستەی نوێ و سەردەمی بەرهەم بهێندرێت.

7- نوسینی بەرهەمی موزیکی ڕەها بە بەکارهێنانی تەکنیک و هارمۆنی نوێی وسەردەمییانە، پێویستی بە زانیاری و نەخشەی ڕێگا هەیە، ئەوەش چەخت لە پێویستی وگرنگی لەم جۆرە تێزانە دەکات.

**1.3 ئامانجی توێژینەوە:**

1- زانیاری لەسەر پرۆسەی گواستنەوە، هەروەها هۆکارەکانی گۆڕانی زمانی دەربرین لە توخمی تۆنالیتی بۆ ئاتۆنالیتی، کە بە یەک لە دۆزراوە و پێشکەوتنە گرنگەکانی موزیکی سەدەی بیستەم دادەنرێت.

2- تیشك خستنە سەر میکانیزم و چۆنییەتی بەکارهێنانی زنجیرە بەیژە نوێیەکان بە دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارە مەعریفییە و سەرنجدان بەو هەموو گۆڕانکاریانەی لە سەدەی بیستەم ڕوویانداوە.

3- شیکردنەوەی نمونەکان و ڕوونکردنەوەی شێوازەکانی مامەلەکردن لەگەڵ توخمی تۆنالیتێت و ئاتۆنالیتێت لەسەدەی بیستەمدا.

4- جەخت کردنەوە لە گرینگیی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و سوود وەرگرتن بۆ قووڵاییی زانستی موزیکی نوێ و هاوچەرخ بە بەکارهێنانی شێوازە پەیڕەوکراوەکان لە سەدەی بیستەم لە جیهاندا.

**1.4 ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی ڕێبازی وەسفی و شیکاریی ئەنجام دەدرێت.

**1.5 سنووری توێژینەوە:** سنووری بابەت: کلاسیک موزیک لە سەدەی بیستەم، تەکنیکی تۆنالیتێت و ئاتۆنالیتێت لە موزیکدانان.

**سنووری کاتی:** سەدەی بیستەم، نێوان ساڵانی 1901 – 1975.

**2.1.1 موزیک (Music):** موزیک پێناسەی زۆری بۆ کراوە، یەک لە پێناسەکان دەڵێت "هونەری ڕێکخستنی دەنگی موزیکیی لە کات و ساتی گونجاو لە چوارچێوەی توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی و ریتم و سیفەتی هەستیی لە ڕەنگی دەنگ"ە. موزیک وەک زمانێکی جیهانی هەژمار دەکرێت بە هۆی کاریگەری هەستی و تێگەیشتنی لای هەموو میللەتان بە درێژایی هەموو سەردەم و شارستانیەکان. هەر بۆیە وەکو زانستێک لە گشت جیهاندا دەخوێندرێت و بەردەوام تێز و لێکۆلینەوە لەسەر نهێنیەکانی ئەم هونەر و زانستە ئەنجام دەدرێت.(**Encyclopedia Britannica**)

**2.1.2 موزیکی مۆدێرن (Modern Music):** هەموو ئەو شێواز وتەکنیکە نوێیانە و فراوانبوونی پێناسە وفۆرمە کلاسیکیەکان، لە دوای ساڵی 1900ز لە ڕووی بەکارهێنان، جیاواز لە ڕابردوو، بە موزیکی مۆدێرن دەناسرێت.

سەردەمەکانی موزیک لە ٥٠٠ ساڵی ڕابوردوو تاوەکو سەرەتای سەدەی بیست، بۆ چوار بەش لەیەک جودا دەکرێنەوە (ڕێنێسانس – بارۆک - کلاسیک - ڕۆمانتیک)، لەگەڵ کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیک، سەدەی بیست و بیست ویەک، موزیکی مۆدێرنی پێ دەگوترێت، کە تیایدا چەندین هەمەجۆری موزيك دروست بووە، بۆ نموونە:

Expressionist music, Serialism, Impressionism, Jazz, Atonality, Experimental music, Twelve-tone technique, ( )Modern opera, Minimal music, Modernity, Postmodern music, Electronic music, Film music…..

لەم سەردەمە پەیدابونی شێوازی جۆراوجۆری موزیک، کاریگەری لەسەر ئێستاتیکا وشێوازی دەربرین هەبووە، لەئەنجامدا پێکهاتەکانی موزیک و شێوەی بەکارهێنانیشیان گۆڕانکاری بەخۆیەوە دەبینێت. لێرەوە ئیتر مۆدێرنیزم (Modernism)، شێوازەکانی کارکردنی نوێ و ڕێگا بەرهەمهێنانی نوێی موزیك دەستپێدەکات. وەک ئاماژەمان پێدا، مۆدێرنیزم لە کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیکەوە دەسپێدەکات. ماوەکەی دەکەوێتە نێوان (1890- 1975)، لە دوایيدا قۆناغێکی دیکەی موزيك دەستپێدەکات، کە پێیدەوترێت پۆست - مۆدێرنیزم (postmodernism) بەدوایدا موزیکی هاوچەرخ (Contemporary) سەرهەڵئەدا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستپێدەکا و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە (بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بوارە جیاجیاکاندا، تایبەتمەندییە سەرەکییەکەیەتی).

موزیکی مودێرن (Modern Music) ستایش دەکرێت بە موزیکێکی دەروشاوە و فەلسەفی. لە ڕووی گوزارشت و گەشەسەندن لە زمانی موزیکەوە، پێکهاتەیەکی تەواو و جیاوازی هەیە. گوزارشت لە بار و گوزەرانی سەردەمەکە دەکا و وەڵامی زەحمەتیەکانی ژیان دەداتەوە. هەروەها ئەو داهێنانانەن، کە بە شێوەیەکی نوێ جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش لە پێناو ڕێکخستن و گونجاندنێکی بەرزی توخمەکانی موزيك (ریتم، میلۆدی، هارمۆنی، ڕەنگی دەنگ) لە موزیکدا. هەر بۆیە ڕۆلێکی گرنگ دەگێرێت لە گۆڕینەوەی بیر وتێروانینی جوانیی لە نێوان وڵاتانی دونیادا. یەك لە تایبەتمەندییەکانی تری مۆدێرنیزم ئەوەیە، وەکو دیاردە جێگیر نییە، چونکە هەمیشە لە گۆران و گەشەکردندایە. لە هەمان کاتیش، ئەو شێوازەیە کە لە پرۆسەی داهێنان و گەشەدا بێهاوتایە و زۆرترین ڕەنگی دەنگ تیایدا بەدیدەکرێت. هەموو کۆی ئەم هۆکارانەش، جوانی ئەم شێوازە موزیکییە پیشان دەدات. (Encyclopedia Britannica, 2022: Online)

**2.2.1 تۆنالیتی (Tonality):** ڕەگەزی مەقام یان پەیژەیەکی موزیکی. (فەرەج، ٢٠٠٥ لا ٢٠١)

ووشەی تۆناڵیتی(Tonality) لە ڕەگەزی تۆناڵ "Tonal"ەوە هاتووە. ئەم زاراوەیە لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە لە وشەی تۆن "Ton"ەوە وەرگیراوە و بەمانای چینی دەنگ دێت.(Dahlhaus. p. 52) کارل داهلهاوس بە چەندین شێوە پێناسەی تۆنالیتێت دەکات.

1- "تۆنالیتێت، پەیوەندی نێوان میانەکانە" (هەمان سەرچاوە هەمان لاپەرە) ئەم پێناسەیە بەتەواوی گشتییە، فۆڕمی تۆناڵیتیش بە گشتی لەم چوارچێوەیەدا بەکارهاتووە.

2- "تۆنالیتی بریتیە لە سیستەمەکانی پەیژەی گەورە Major – پەیژەی بچوك minor - پەیژە مۆودەکان Modal" (هەمان لاپەرە).

3- "سیستەمێکی فۆنکسیۆناڵ و پەیوەندی تۆناڵە، گرنگترین نۆتەی بە تۆنیک واتا رەگەزی زنجیرەیەک دادەنرێت" (هەمان لاپەرە).
ئەم پێناسەیە بە گشتی پەسەندکراوترین پێناسەی تۆناڵیتی هەژماردەکرێت. بەپێی ئەم پێناسانەی تۆناڵیتی، لە موزیکی ڕۆژئاوادا سنووردارکراوە بە سیستەمی تۆناڵیتی کە لە سەدەی ١٧هەمەوە بەکارهاتووە. بێگومان سیستەمی کۆرد و ئەرکە هارمۆنییەکان کە لەم زنجیرەیانەوە دروست دەبن، ئەگەری گۆڕانکاری (Modulation) لە نێوان تۆنەکانیاندا دابین دەکات.

بەپێی پێناسەیەکی تری داهلهاوس؛ تۆناڵیتی سنووردار نییە بە سیستەمی مێجەر و مینۆر(پەیژەی گەورە و بچوک).

"لەناوەرۆکی پەیژەیەکی دیاتۆنیک، دەنگ، میانە، کۆردەکان هەن، تۆنالیتی لە دەرەوەی ئەم ناوەڕۆکە مانا دەبەخشێت؛ لەرێگای جولەی کرۆماتیکی یان گۆڕانی کتوپڕی تۆندیشدا، فاکتەری تۆناڵ پەیوەندی کارایی لەگەڵ کۆردی سەرەکی (تۆنیک)دا Tonic دەبێت" (هەمان سەرچاوە هەمان لاپەرە).


شتراوس لە کتێبی "Post Tonal Theory"دا جەخت لەوە دەکاتەوە؛ بۆ ئەوەی پارچەیەکی موزیکی تۆناڵ هەژمارکرێت، پێویستی بە هەبوونی دوو سیفەتی نەریتی دەبێت: یەکەمیان هارمۆنی کارایی (functional harmony)، دووهەمینیش "ڕێڕەوی دەنگ". ئەو هارمۆنیە کارایی‌یەی شتراوس باسی لێدەکات، لەسەر بنەمای چەمکەکانی (دەنگی سەرکی یەکەمی تۆنالیتە کە پێی دەگوترێت بنکە تۆنیک "tonic"، دەنگی چوارەمی پەیژەکە کە پێی دەگوترێت سوبدۆمینانت "subdominant" و دەنگی پێنجەمی پەیژەکە پێی دەگترێت دۆمینانت "Dominant") دامەزراون، هەروەها ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان چەمکەکاندا هەیە. مەبەست لە "ڕێڕەوی دەنگ"یش ئەوەیە؛ کە جولەی دەنگەکان لەسەر بنەمای هەندێک نەخشە ڕێرەو دەکرێن بە مەبەستی چارەسەرکردنی دەنگە ناتەباییەکان "dissonance" بۆ دەنگە تەباییەکان "Consonance".(Straus, p. 112). بەڵام شۆنبێرگ لە کتێبەکەی "Harmonielehre" دا بەردەوام باس لە هارمۆنیەکی پێشکەوتوو تر دەکات. شۆنبێرگ باس لە هارمۆنیەک دەکات، کە لە سیستەمی دیاتۆنیک جێگای نابێتەوە، بە واتایەکی تر، ئەو هارمۆنیەی باسی لێ دەکات، هەمیشە سنوورەکانی تۆناڵیتیت دەبەزێنێت.

**2.2.2 زنجیرە پەیژە سکێڵ (scale):** "پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی هەر پەیژەیەک، میانەکانن. پەیژە لە کۆمەڵێک میانەی جیاواز پێکدێت. زۆربەی زنجیرە پەیژەکان لە مێلۆدیەکانەوە وەرگیراون و نەریتیین، بەڵام هەندێکیان بە پەیژەی دۆزراوە هەژمار دەکرێن".(Austin,1966, p. 34). بەگشتی بەرهەمێکی ئاسایی موزیکی کلاسیکی تۆناڵ؛ بە یەک لەم زنجیرە پەیژە دیاتۆنیکانە "diatonic scale" دەست پێدەکات، پاشان لە ڕێگەی گواستنەوە (transposition) و مۆدیلەیشن (Modelation) بۆ زنجیرە پەیژە دیاتۆنیکەکانی ترەوە پێشکەوتن لەخۆیەوە دەبینێت وفراوان دەبێت، لەدواییدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان پەیژەی سەرەکی ئینجا کۆتایی بە بەرهەمەکە دێت.


**2.2.3 سکێڵەکانی دیاتۆنیک "diatonic scales":** واتا پەیژەی موزیکی حەوت دەنگی یاخود حەوت دەنگی ڕێکخراو.(فەرەج،٢٠٠٥ لا ١٨٦)

دیاتۆنیک، لە موزیکدا بەواتای ڕێکخستنێکی هەنگاو بە هەنگاوی حەوت دەنگی سروشتی دێت کە یەک ئۆکتاڤ پێکدەهێنن (بە پێوەری میانەی دیاریکراو). هەر پەیژەیەکی دیاتۆنیک، لە حەوت دەنگی ڕیزکراو یەک لەدوای یەک پێکدێت (پێنج دانە تۆنی تەواو لەگەڵ دوو دانە نیو تۆن). دەنگی یەکەم، دەنگی سێیەم و دەنگی پێنجەم دەنگی جێگیرن. دەنگە نا جێگیرەکان هەردەم بەرەو دەنگە جێگیرەکان هەڵدەکشێن، هەروەها دەنگی یەکەم دەنگی سەرەکی دەبێت پێی دەگوترێت تۆنیک "tonic". هەموو دەنگەکانی تری پەیژەکە بەرەو دەنگی سەرەکی هەڵدەکشێن.(٥١. لا ٢٠١١ ,کرم).

بەگوێرەی سیستەمی دیاتۆنیک میانەکانی نێوان ئەم حەوت دەنگانە لە یەک تۆنی تەواو لەگەڵ نیو تۆن دروست دەبن، (میکرۆتۆناڵ کە چارەگە تۆنی تیادا هەیە لەناو سیستەمی دیاتۆنیک نیە). ئەم سیستەمە، ٢٤ زنجیرە پەیژەی سەرەکی لەخۆدەگرێتەوە، ١٢ پەیژەی سەرەکی گەورە (Major) کە پێوەری میانەکانیان بەم شێوەیە دەبێت:




هەروەها ١٢ پەیژەی سەرەکی بچووک (minor) کە پێوەری میانەکانیان بەم شێوەیە دەبێت:




بەڵام ٧ دانە مۆدەکانی گریکی کۆن هەن کە بە مۆدەکانی کلێسە دەناسرێن، هەروەها چەند زنجیرە پەیژەی تریش هەن، کە لەسەر بنامای یەک تۆن و نیتۆن بنیاتراون، ئەوانیش دەکرێت دیاتۆنیک هەژمار کرێن. بەمشێوەیەش سیستەمی دیاتۆنیک لە سیستەمی کرۆماتیک (کە تەنها لە میانەی نیو تۆن پێکدێت) جیا دەکرێتەوە.

ئەم پێوەرە بۆ چەند سەدەیەک لە رابردوو (لە نێوان ساڵانی ١٦٠٠ هەتاوەکو ساڵانی ١٩٠٠) بەسەر موزیکی ئەورووپیدا زاڵ بوون. بەڵام لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم، دوای ئەوەی موزیکدانەران بە تەواوی وازیان لە بەکارهێنانی پێوەرە تۆناڵیتێتەکان هێنا و

بەدوای جێگرەوە گەران، ئەو سات سیستەمی دیاتۆنیک کاریگەری خۆی لەدەستدا. بۆ ئەو مەبەستەش موزیککاران سەرەتا پەنایان بردە هەموو جۆرە کەرەستە و زنجیرە پەیژە کۆنەکان، کە لە رابردووی دوور، بەر لە سیستەمی دیاتۆنیکیش بونیان هەبوە. ئینجا لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێنا. ئەم کەرستانەی سەرەتا وەکو جێگرەوەی سیستەمی دیاتۆنیک بەکارهێندران:

- مۆودەکانی کلێسە (church modes):
- زنجیرەی پێنج تۆن پێنتاتۆنیک (pentatonic)
- زنجیرە پەیژەکانی شەش تۆن (Hexatonic scale)
- پەیژەکانی حەوت تۆن (Diatonic and Heptatonic scales)
- پەیژەکانی هەشت تۆن (Octatonic scales)
- پەیژەی یەک تۆنی تەواو (whole-Tone Sequences scales)
- زنجیرەی مایکرۆتۆناڵ (Microtonal scales)

موزیکدانەرانی سەدەی بیستەم ئەو کەرەستانەیان بە شێوەی نەریتی بەکار نەدەهێنا، بەڵکو لە بەکارهێنانیاندا، هەمیشە نوێکارییەک و داهێنانێکی تازەی سەرنج راکێش هەبووە. هەر بۆیەش، هونەرمەندان و بیسەران هەمیشە لە چاودێری یەکتر و بەرهەمی تازە بوونە. لەهەمان کاتدا، تێوان کات و بەرهەم و داهێنانەکانی موزیکدانەران هەمیشە پێشبرکەیەک هەبوە. بۆیە لەگەڵ ئازادی کارکردنیان و بە پاڵپشتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست کە رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە بڵاوکردنەوەی دانراوە موزیکیەکان لە هەموو جیهان، لە ماوەیەکی کورتدا موزیک لەم سەدەیە بەرەو  پێشچونێکی زۆر بەخۆوە دەبینێت.

لەپاڵ ئەوانەشدا موزیکدانەرانی سەدەی بیستەم هەمیشە لە گەران و تاقیکردنەوەکانیان بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی هەر کەرەستەیەکی تازە و نوێ بەمەرجێک کە لەگەڵ رەوشتی سەردەمەکە گونجاو بێت بۆئەوەی لەبەرهەمەکانیاندا بەکاریبهێنن. ئەوسات رooیان لەوە کردەوە، کە چۆن بتوانن سوود لە هەر دوانزە نیو تۆنەکانی موزیک وەربگرن بەبێ پابەند بوون بە تۆنێکی سەرەکی کە ئاوازەکەیان لە دەوریدا بسورێت. بۆیە سەرەتا پەرەیان بە زنجیرە پەیژەی دروستکراو و زنجیرەکانی کرۆماتیک دا، کە لە ئەنجامدا سیستەمی ئاتۆنالیتیAtonality (نا تۆنالیتێت-بێ سەنتەر) پەیدا بوو. بەمشێوەیەش موزیکدانەران گەیشتنە ئەو ئامانجەی کە هەیانبوو، ئەویش بەتەواوی رزگاریان بوونیان لە بەکارهێنانی سیستەمی دیاتۆنيك بوو. هەروەها ئەم داهێنانە لەپاڵ تەکنیکە نوێیەکانی میلۆدی، هارمۆنی، کۆرد و رەنگی دەنگەکان، هەموو بەیەکەوە بوون بە کەرەستە نوێیەکانی ئەو سەردەمە، کە بوو بە دەرفەت بۆ موزیکدانەران بۆئەوەی کارەکانیان جیاواز لە رابردوو ئەنجامبدەن.

ئەم زنجیرە و تەکنیکە نوێیانەی خوارەوە بوون بە بیناغەی بەرهەمەکانی موزیکی سەدەی بیستەم کە تایبەتمەندی ئاتۆنالیتی بەسەر هەموو بەرهەمەکاندا زاڵە.

- تەکنیکی زنجیرە پەیژەی دروستکراو (Synthetic Scale)
- تەکنیکی ئاتۆنالیتی(Atonality)
- تەکنیکی زنجیرەی کرۆماتیک رەنگاورەنگ (Chromatic Sequence scales)
- تەکنیکی دوازدە تۆن (Twelve-tone technique)

هەرچەندە پەیوەندییە نەریتییەکانی هارمۆنی تۆناڵ تا ڕادەیەک لە موزیکی "کلاسیکی" سەدەی بیستەمدا بەردەوامی کردوە، بەڵام لەو سەدەیە ئەو موزیکەی پەیرەو کراوە، دەبینرێت بەگشتی یان نوێ-تۆناڵ "neo-tonal" یان ئاتۆناڵ "Atonal" بوە.

### 2.3 تۆنالیتی نوێ یاخود سەنتەری نوێ "Neotonality or Neocentricity":

(تۆنالیتی نوێ یاخود سەنتەری نوێ) بەگشتی چەمکێکە لە پراکتیکدا لە ئەنجامی ریکخستن و تێکەڵکردنی، تایبەتمەندیەکانی تۆناڵیتی (کۆردی ٥ی و کۆردی ٧ ی لەگەڵ سەنتەری پەیژە دیاتۆنیکەکان، لەگەڵ جولەکانی هارمۆنی) لەگەڵ تایبەتمەندیەکان ئاتۆناڵیتی (ئەو کۆردانە کە دەنگی ٣یەمی تیادا نابێت، پێکهاتەی دەنگ، نەبوونی پێشەنگی دەنگ "voice-leading"، پەیوەندیە لاوەکیەکان) بەپێی پەیوەندییەکانی زنجیرە پەیژە، دروست دەبێت.(Silberman, 2006 p. 4)

نیوتۆناڵیزم (یان نیوسەنتریزم) زاراوەیەکی گشتگیرە، کە ئاماژەیە بۆ پێکهاتە موزیکیەکان لە سەدەی بیستەم. تیایدا کارەکانی تۆناڵیتی باو (واتە هارمۆنی کارایی و پەیوەندی دەنگەکانی تر بە تۆنێکی زاڵ) بە دیزاینێکی تۆناڵی ناڕاهاتوو بەکاردەهێندرێت، بە جەختکردنەوە لەسەر جووڵەی دژە دەنگەکان لە دەوری دەنگ-کۆردێکی سەرەکیدا.

گونجاوترین ڕێگە لەم تەکنیکەی بۆ دامەزراندنی سەنتەری تۆناڵ (نیوتۆناڵیزم)دا، لە ڕێگەی "جەختکردنەوە" ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە دووبارەکردنەوەی دەنگێکی سەرەکی، یاخود جەختکردنەوە لەسەری بە جۆرێک موزیکدانەر خۆی هەڵیدەبژێرێت، وەک لە ڕێگەی دابەشکردنی دەنگەکان بەسەر ئامێرەکانەوە، درێژکردنەوەی ڕیتمێک یاخود چەختکردن لەسەر بارێک(مێزور). هیچ کاتێکیش یەک جۆرە شێوازێکی دووپاتکردنەوەی تۆناڵی لە سەدەی بیستەمدا باڵادەست نەبووە. بەڵکو بە بەکارهێنانی کۆردی تۆنیک، پێداڵی باڵادەست، بەکارهێنانی جووڵەیی دژە دەنگ لە دەوری کۆردێکی سەرەکی بەیەکەوە بەکاردەهێنرا.(Burkholder, 2009, p. 65–66).

**2.4 ئاتۆنالیتی "Atonality":** بە واتای (بێ تۆنالیتێت - بێ سەنتەر) دێت، زاراوەیەکە لە ئەدەبیاتی موزیکدا بۆ موزیکێک بەکاردێت، کە ناوەندێکی (سەنتەری) تۆناڵی دیاریکراوی نەبێت. لە موزیکی سەدەی بیستەمدا، دەتوانرێت (تۆناڵیتی) بە هەموو شێوەیەک لەدانراوە موزیکیەکان بەکاربهێنرێت. ئاوازدانەران لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە مامەلەیان لەگەڵ تۆناڵیتێت کردوە. ئیتر تۆناڵیتی بە مانای بەرهەمهێنانی هەموو پێکهاتەکان پەیوەند بە یەک سەنتەری تۆناڵییەوە دروست ناکرێت. هەریەک لە دوانزە دەنگی موزیک دەکرێت وەک سەنتەر (تۆنیکێک) لە هەمان پێکهاتەدا ئەرک و ڕۆڵ ببینێت و هەر دەنگێک دەتوانێت پێگەیەکی باڵا بەسەر ئەوانی دیکەدا بگرێت.(Ludmila, 1994, p. 485). واتە ئەم شێوازە موزیکییەیە، لە دەرەوەی سیستەمی موزیکی دیاتۆنیك (Diatonic scale) دایە. لەم سیستەمەدا نۆتەیەك نییە بەناوی نۆتەی بنکە (Tonic)، هەروەها بایەخی سەرەکی تەنیا بە حەوت تۆنە سەرەکییەکەی پەیژەی دیاتۆنیك تۆناڵ نەدراوە، بەڵکو هەر یەك لە دوانزە نیو تۆنەکانی موزیک، خاوەن هەمان بەها و هەمان گرنگیان پێدەدرێت.(Academic.eb.com. 2022 Online)

ئاتۆناڵی کە شێواز و ڕێوڕێگایەکی ئاواز دانانە، بەهۆی ئاڵۆزی زمانی دەربڕینەکەیەوە لە سالانی دۆزینەوەی، تا وەکو ئەمرۆش بە شێوەیەکی گونجاو لێی تێنەگەیشتراووە، هەروەها بەهۆی سەختی و کارەکتەری دەنگە ناتەباییەکانیەوە بە شێوەیەکی گونجاو نەتواندراوە لە لێکۆڵینەوەکان بگەنە جەوهەری ئەو دیاردەیە. هەتا ئێستاش هیچ زمانێکی هارمۆنیی هاوبەش نییە کە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن ئاوازدانەرانەوە هاوبەش بەکارهێندرابێت، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە کتێب، سەرچاوە و لێکۆڵینەوە لەسەر موزیکی ئاتۆناڵ ئەنجامدراوە، بەڵام ئەوانە تاوەکو ئێستا تەنها یاریدەدەر دەبن بۆ فێربوون و پەرەپێدانی ئەم شێوازە موزیکیە.
زمانی موزیکی ئاتۆنال زمانێکی نوێیە، وە نابێت بە تەکنیکە کۆنەکانی موزیک بەراورد بکرێت.

ئاتۆناڵیتی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای کرۆماتیزم دروست بووە. هەروەها دەتوانین بڵێین، ئاتۆنالیتی لە کاتێکدا دروست بوو، کە موزیککاران هەوڵی ئازادکردنی ١٢ نیو تۆنەکانی ناو زنجیرەی ڕەنگین (کرۆماتیک) لە ئەرک و پەیوەندییە "دیاتۆنیک"یان دەکرد.(Perle, 1968, p. 1). مێژووی سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆ بەردەوامی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئارنۆڵد شۆنبێرگ Arnold Schonberg(1874-1951) کە یەکێکە لە کەسایەتیە هەرە بەرچاوەکانی موزیکی سەدەی بیستەم. ئەم بیر و لێکۆلینەوەیە هەر لە سالانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرقاڵی کردبوو و هەمیشە پەرەی پێدا و لە بەرهەمەکەی سێ پارچەی پیانۆ ( Drei Klavierstückein 1909 و Pierrot Lunaire لە 1912) کە چەمکی ئاتۆناڵی بەکارهێنابوو، تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانیشی تیادا ئەنجامدا. دوای چەند ساڵانی زیاتر لە لێکۆڵینەوە، لە ساڵی ١٩٢١، تەکنیکی ئاوازدانانی دوانزە تۆنی زیاتر پەرەپێدا و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٣دا بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هاوڕێ و قوتابیەکانی باسی لێ کرد. (Schoenberg, 1975, p. 213)

شۆنبێرگ مامۆستای ئەنتۆن وێبرن و ئەلبان بێرگ بووە. ئەم سێ موزیکدانەرە لەم چوارچێوەیەدا زۆرجار وەک ئەندامانی سەرەکی قوتابخانەی دووەمی ڤیەنا ناودەبردرێن وەکو قوتابخانەی ڤیەننای یەکەم کە پێکهاتبوون لە (هایدن، مۆزارت و بیتهۆڤن و هەندێکجاریش شوبێرت). وێبرن بە بەکارهێنانی میتۆدێکی توندی دوانزە تۆن بەرهەمەکانی خۆی نووسیوە و کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی کۆی گشتی تەکنیکی زنجیرەیی (Seralism) هەبووە.


تا کۆتایی سەدەی بیستەم، موزیکی ئاتۆناڵی شۆنبێرگ، تێگەیشتن لێی زۆر قورس و سەخت بووە، هەتا ئێستاش لە جیهانی هونەردا وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین دیاردە بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٠٨ەوە ئەم شێوازەی موزیکدانان قبوڵکردنی جەماوەری کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە موزیکە هێشتا لە جیهانی هونەردا بەرگە دەگرێت و دەمێنێتەوە. ( Oxford Academic - Atonality and the Critical Imagination-online). شۆنبێرگ لە ساڵی ١٩١٧ تا ١٩٢٣ لێکۆڵینەوەکانی بۆ لۆژیک و فۆڕم لە سێ بەرەی جیاواز ئەنجامدەدا:

یەکەم: "thematic development" گەشەپێدانی تێما "Thema" (بیروکەی سەرەکی ئاواز)(فەرەج، ٢٠٠٥ لا ٢٠٠).

دووەم: "integration of musical space" یەکخستنی کێڵگەی موزیکی.

سێیەم: "deployment of the full spectrum of chromatic tones" بڵاوکردنەوەی تەواوی سپێکتۆرمی تۆنە ڕەنگاوڕەنگەکان (سیستەمی نیو تۆن) کرۆماتیك(پەیژەی رەنگین) (فەرەج،٢٠٠٥ لا ١٨٤).

شۆنبێرگ لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ گرێبەستێکی لەگەڵ ویلهێلم هانسن "Wilhelm Hansen" (بڵاوکەرەوەی کۆپنهاگن) واژوو کرد، بەپێی ئەم گرێبەستە ناچار کرا بۆ ئەوەی چوار ئاوازی نوێ بەرهەم بهێنێت. پێنج پارچەی پیانۆ (Op. 23)، یەکەمین بەرهەم بوون کە تەواوی کرد و ئامادە کرا بۆ ئەوەی لە کۆنسێرتەکەی دامەزراوەکەیاندا پێشکەش بە جەماوەر بکرێت. ئەم کۆنسێرتە بۆ شۆنبێرگ وەک تاقیگەیەک بوو، بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەی بیرۆکە نوێیەکانی لە شێواز و سیستەمی ئاتۆناڵی نوێ، کە کەرەکتەری پارچە موزیکیەکان بوو تیادا ئەنجام بدات. بەرهەمی سێرێناد کۆتا بەرهەم بوو لە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی شۆنبێرگ. لەئەنجامی پانزە ساڵی تاقیکردنەوەکەی؛ توانای موزیک بۆ هەڵمژینی بیرۆکەی نوێ و درێژکردنەوەی ئامرازەکانی دەربڕینی سەلماند. بەرهەمی سۆناتا (Sonnet of Op. 24) کە نێوان ساڵانی (1920-23) ئەنجامیدا، بەگشتی گرنگترین ئەنجامی کارەکە و گرنگترین بەرهەم هەژمار دەکرێت.(Oxford Academic - academic.oup - online)



وێنە -١- ئارنۆلد شۆنبێرگ

**2.5 سەدەی بیست (Twentieth century):** بەگوێرەی ساڵنامەی زاینی، یەکەم ڕۆژی ساڵی 1901ز تاوەکو کۆتا ڕۆژی ساڵی 2000ز سەدەی بیستی پێدەگوترێت. (marefa.org- قرن_20) سەدەی بیستەم سەردەمێکە تیایدا گۆڕانکاری مێژویی و ڕووداوی زۆر، شانبەشانی پێشکەوتنی زانستی لە هەمو بوارەکانی ژیان لەسەرتاسەری جیهان ڕوویانداوە، ئەویش کاریگەریەکی یەکاویەکی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە. زانست و هونەری موزیک لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم هەمەجۆریەکی زۆری لەسەر دەستی موزیکدانەرانی ئەو سەردەمە دەبینێت، دورکەوتنیان لە یاسا نەریتیەکان و ڕەتکردنەوەی قەدەغەکانی سەردەمانی پێشو، لە ئەنجامدا کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی بە ئازادانە بەرهەمی موزیکی بنوسنەوە. بەهادان بە هەموو ئەو دەنگانەی لە سروشت بونیان هەیە و بەکارهێنانی ئەو دەنگانە بەپێی پێویست لە دانراوە موزیکیەکانیاندا، بووە هۆی دۆزینەوەی چەندین فۆرم وشێوازی نوسینی نوێ لەو سەردەمە. (Encyclopedia Britannica, 2022 Okt. Online). بەگشتی سەدەی بیستەم دابەشی دوو نیوە دەکرێت:

**2.5.1 نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم** لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم قۆناغیك لە داهێنان لە بوارەکانی زانست، تەکنەلۆجیا و هونەر یەک لە دوای یەک ڕویانداوە. گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، شۆڕشە جیهانییەکان، دۆزینەوەکانی زانستی، پیشەسازیکردن، داهێنانەکان لە پەیوەندیکردن، ڕۆڵێکی باڵا و کاریگەریەکی ئەوتۆی دەبێتە سەر بوارەکانی ئاڵوگۆڕی کولتووری، ئاوازدانان، ئەنجامدانی توێژینەوە، ئەمانەش دەبنە هۆی لەدایک بونی شێوازی تەکنیکی جۆراوجۆر لە هونەر و بەتایبەتی لە بواری موزیکدانان. پەیدابونی دیسکەکانی فۆنۆگرافی (لە ساڵی ١٨٧٧ دۆزرابەوە و لەسەڵی ١٨٩٢ پەرەپێیدرا) وە لەساڵی ١٩٠٠ لەناو کۆمەڵگا بڵاووبونەوەی، هەروەها دەستپێکی پەخشی رادیۆ لە ساڵی ١٩١٩، وای لە موزیک کرد زۆر بە خێرایی بڵاو بێتەوە و بەئاسانی بگاتە گوێچکەی خەڵکانێکی زۆر کە بەر لەوە نەیاندەتوانی ئامادەی کۆنسێرتەکانی زیندو ببن، بەهۆی گرانی چونە ژورەوەی هۆڵەکان و یاخود لەبەر سەختی گواستنەوەی خێرا نێوان وڵات و شارۆچکەکان. واتا تۆمارکردنی بەرهەمی موزیکی و گوێگرتنی لە لایەن خەڵکانێکی زۆر، ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە پەرە سەندنی موزیک بەگشتی. (Arditi, p. 424-408). لە کۆتاییەکانی سەدەی 19 نۆزدەم، دەربڕینی موزیکی ڕۆمانتیک و شیعری خەوناوی چیتر لەگەڵ سەردەمی نوێ گونجاو نەمابوو، نە لە پێکهاتەکەی و نە لە ناوەڕۆکەکەشیدا. هەر بۆیە پێویستیەکی زۆر دەخوازرا بە دەربڕینێکی هونەری لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیەدا بگونجێت. لەو ماوەیەشدا بیرورا و مەیلی ئایدیۆلۆژی توندڕەوەکان و تیۆرییە فرۆیدییەکان بەسەر کۆمەڵگاکان زاڵ ببوون، ئەمەش هەستیاری و دەمارگیری هونەرمەندەکانی زیاد کردبوو. هەر بۆیەش ڕوویان لە ڕیالیزم و ڕەشبینی کرد، لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی شتێکی نوێ و دامەزراندنی یاسای تازە بۆ موزیکەکەیان، ئەوەش ڕەنگدانەوەکی زۆری لەسەر بەرهەمەکانیاندا هەبوو.

لە سێ سەدەی ڕابردوودا بەر لە سەدەی بیستەم، موزیک بۆ ئامانجی جیاواز و مەبەستی ئایدیاڵی بەرهەم دەهێنرا، وەک هاوئاهەنگی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە، سەماکردن، گۆرانی گوتن، پاڵنەر بۆ باشتر کارکردن، هێورکردنەوەی منداڵان، هتد...، بەڵام لەلایان هونەرمەندان لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم گۆرانکاری گەورە لەشێوازی بیرکردنەوە وتێروانین بۆ دروستکردنی موزیکی

نوێ رویدا. لەو سەردەمە تاکگەرایی جێگەیەکی گرنگی گرتۆتەوە و ئێکسپرێشنیزم لە دروستکردنی موزیک ڕۆڵی بینی. لەم سەردەمە موزیکدانەر باوەری بەوە هەیە: خۆی و هەستەکانی لەم جیهانە بەنرخترین شتن. بەمشێوەیە موزیکدانەران لە سەدەی بیستەم بە تێگەیشتنێکی نوێ تەماشای پەیوەندی نێوان دەنگەکانی موزیکیان دەکرد، بەمجۆرەشەوە مامەلەکردنیان لەگەڵ دەنگەکان گۆڕا، ئەوەش بووە هۆی دۆزینەوە و بەکارهێنانی چەندین تەکنیکی نوێ لەم سەدەیە. تێگەیشتن لە مێلۆدی و هارمۆنی، سیستەمی تۆن و سیستەمی کۆرد و بەکارهێنانی بە شێوازێکی نوێ، ڕوانگەیەکی نوێی لە ئێستاتیکای موزیک دروست کرد. بەم شێوەیە لە سێ سەدەی ڕابردوو سیستەمی موزیکی تەبا "Consonance"ی راهاتوو ڕەوایەتی خۆی لەدەستدا و بەپێچەوانەی سێ سەدەی رابردوو بەکارهێنانی میانەی ناتەبا "Dissonance" بەئازادی لە بەرهەمهێنانی دەنگ و کۆردەکان لە موزیکی سەدەی بیستەم بوو بە گرنگترین جیاوازی نێوان موزیکی ئێستا و موزیکی رابردوو.

تێگەیشتنێکی نوێ لە ڕیتمی ناهاوسەنگ و دەستکاریکراوەکان، دورکەوتن لە تۆنی سەرەکی، بەکارهێنانی مۆدیلێشین بەشێوەیەکی زۆر، دۆزینەوە و پێشکەشکردنی ڕەنگ و تۆنی نوێ، چارەسەرنەکردنی کۆردەکانی "ناتەبا" بۆ کۆردی "تەبا"، هێڵە مێلۆدییە زبر و ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی زۆر لە بەرهەمەکاندا بەکارهێنران و بوون بە دیاردە و تایبەتمەندی سەرەکی ئەو سەردەمە. سەدەی بیستەم ئەو قۆناغەیە کەتیایدا چەندین تەکنیکی نوێ پێکەوە دۆزرایەوە و پێشکەش بە جیهان کران. بەکارهێنانی نیو تۆنی کرۆماتیزم بەشێوەیەکی زۆر لەجیاتی سیستەمی دیاتۆنیك و پەیژەکانی سەرەکی گەورە و بچوک لە دروستکردنی میلۆدی و هارمۆنی تۆنال، بوە هۆی لەدایک بونی چەمکی تۆناڵیتی درێژکراو، هەروەها بەکارهێنانی هەر ١٢ نۆتی موزیکی بەئازادانە لە بەرهەمەکاندا، بوە هۆی کاڵ بوون و دەرەزبردنی سیستەمی تۆناڵیتێت. هەموو ئەم پێشهاتانە بونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی ئاتۆنالیزم.

لەو سەردەمە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی موزیکدانەرە بلیمەتەکان وەک بیلا بارتۆک Béla Bartók (1881-1945)، هیندێمیت Paul Hindemith (1895-1965)، ئارنۆڵد شۆنبێرگ Arnold Franz Walter Schonberg (1874-1951) و ئیگۆر ستراڤینسکی Igor Stravinsky (1882-1971) لە دانراوەکانیان جیهانێکی نوێی موزیک دروست دەکەن و کاریگەرییەکی قووڵ لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم جێدەهێڵن. بەتایبەتی ئەو سی پارچە موزیکەی(mässig 1- mässig 2 - Bewegt 3) کە شۆنبێرگ لە ساڵی ١٩٠٩بۆ ئامێری پیانۆ نوسیویەتی، پێناسەی جیهانێکی نوێی موزیک نمایش دەکات و قۆناغی ئاتۆناڵی ئازادی ڕادەگەینێت.



نموونە -١- Schoenberg “Op.11 Three Piano Pieces”

هاوکات پەیدابونی فۆرم و شێوازی موزیکی نوێ لەو سەردەمە، رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ راکێشانی خەلک بەرەو خۆی، هەروەها ناوەندی موزیک لە کۆمەڵگا فراوانتر دەکات، ئەمەش وادەکات کە چەندین شێواز و تەکنیکی نوێی موزیک دروست بیت. وەک:

**2.5.1.1 گۆرانی گوتن وەک قسەکردن "Sprechstimme":** یەکێک لە تەکنیکەکانی تری نوسینی مێلۆدی لە سەدەی بیستەم (1912) لەلایەن دووەمین قوتابخانەی ڤیەنا دروستکراوە.(شوینبیرج) هەرچەندە لەمجۆرە تەکنیکە بۆ یەکەمجار لە بەرهەمی پیرۆت لونێر "Pierrot Lunaire"ی شوینبێرگدا بەکارهاتووە، لە ڕاستیدا ئەوە چەمکێکە لە سەدەی (١٦)یەمەوە هەبووە، بەڵام لە سەدەی بیستەمدا لەگەڵ شوینبێرگدا دیسانەوە گرنگییەکی زۆری پێدراxو پەرەی سەند. ئەم تەکنیکە لەسەر بنەمای دروستکردنی مێلۆدییە بە گۆڕینی وشەکانی ناو دەقە نوسراوەکە بۆ دەنگ بە شێوەی تۆن ونۆتەی موزیک. بێگومان دروستکردنی دەنگ وەک میلۆدی، کاتێک بەبێ بیرکردنەوە لە هارمۆنی ئەنجام بدرێت ئاسانترە، هەروەها لەتایبەتمەندییەکانی بازدانی فراوان و بەکارهێنانی سینکۆپ لە بەرهەمێکدا، رۆڵی گرنگ دەبینێت لە هەستی بوونەوەری پێوەرێکی ڕوون، واتا هەستکردن بە ترپەکان لەناو (بار یاخود مێزور) زۆر سەخت و مەحاڵ دەبێت.

**2.5.1.2 موزیکی بەکارهێنراوی سوودبەخش "Gebrauchsmusik":** دانانی موزیک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو یاخود بۆ گروپێکی دیاریکراوی ئامێرژەن یان گۆرانیبێژان. بۆ نموونە (موزیکی سەما یاخود فۆلکلۆر) ئەم جۆرە کارە هونەریانە لە ئەڵمانیا پەرەی سەند و لەلایەن تیپەکانی قوتابخانە و موزیک ژەنە ئاماتۆرەکانی دیکەوە بەکاردەهێنرا. بەهۆی سادەیی تەکنیک و شێوازەکەیەوە، بە پلەی یەکەم لەلایەن ئاماتۆری بەتوانا نمایش دەکرێت نەک ژەنیارانی فێرتۆس ی بەتوانا. ئامانجی ئەوەیە بەرهەمێکی موزیکی گونجاو بۆ نمایشکردن بۆ موزیکژەنانی ناپیشەیی دابین بکات لە هەمان کاتدا سودبەخش و پەیامی هونەری بگەیێنێتە گوێچکەی کەسانی سادە. (britannica.com/art/Gebrauchsmusik, 2022: Online)




ووێنە -٢-

هەروەها لەبەرهەمەکانی بێلا بارتۆک Béla Bartók "ئەلێگرۆ باربارۆ" پێوەری ئاڵۆز و یەکەم دەربڕینی بزووتنەوەی ڕیتمی نارێک، خۆبەخۆ کە لە موزیک فۆلکلۆری باڵکانەوە ئیلهام وەرگیراوە و هاتنی جاز لە وڵاتانی لاتینی بۆ ئەوروپا لە دوای ساڵی 1918 لە داهێنانەکانی ئەو سەردەمەن. هەروەها کاریگەری پیشەسازییەکان لەسەر موزیک و تێروانینی هونەرمەندان، لە بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ لە بەرهەمە موزیکیەکانیاندا دەبینرێت. لەمبارەیەوە پرۆکۆفیڤ Sergei Sergejewitsch Prokofjew(1891-1953) پێش گەڕانەوەی بۆ ڕووسیا، بالێی "Le Pas d'acier" (هەنگاوی پۆڵا)ی ئامادە دەکات، کە تیایدا ستایشی پیشەسازی و چەندین ئامێری نوێ دەکات. هەروەها هۆنێگەر (Arthur Honegger 1892-1955) لەم بەرهەمەی خوارەوە پاسیفیک ٢٣١ "Pacific 231"دا کە لە ساڵی 1923 نوسیویەتی ئیلهامی لە لوکۆمۆتیڤی هەڵمی وەرگرتووە.



نموونە -٢-




ووینە -٣-

گرنگترین ئاوازدانەرە پێشەنگەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم:

Béla Bartók (1881-1945), Alban Berg, (1885-1935), Edward Benjamin Britten (1913-1976), Aaron Copland (1900-1990), Achille-Claude Debussy (1962-1918), George Gershwin (1898-1937), Paul Hindemith (1895-1965), Sergei Sergejewitsch Prokofjew (1891-1953), Arnold Franz Walter Schonberg (1874-1951), Dmitri Schostakowitsch (1906-1975), Igor Stravinsky (1882-1971), Ralph Vaughan Williams (1872-1958). (Stein, a.g.e., p.227)

**2.5.2 نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم:** دوای جەنگی جیهانی دووەم، سانسۆری حکومەت لە ڕووسیا و ئەڵمانیا هەوڵیاندا خەڵک لە "هونەری موزیکی نوێ" دوور بخاتەوە. بەڵام لە پۆڵەندا هەموو چالاکییە هونەرییەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ بە هۆی بزووتنەوە نازییەکانەوە بە نهێنی بەردەوام بوون و لە سەردەمی ستالینیزمدا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٩ بۆ ١٩٥٦دا لەم چالاکییانەدا لادانێکی ئایدیۆلۆژی ڕووبەڕوو بووەوە. "هونەری موزیکی نوێ" لە دوای ساڵی ١٩٥٠ جۆرێک لە جیاوازی لەگەڵ چەمکە نوێیەکانی و وشەسازیی نوێ و زمانی نوێی خۆی ئاشکرا کرد. لەڕاستیدا ئەو نەوەیەی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٠ لەدایک بووە، کنجکاو بوون بۆ هەموو جۆرە موزیکانە کە لە دوای ساڵی ١٩٤٥ قەدەغەکرابوو. لە نێو ئاوازدانەرانی گەنجی ئەوروپیدا، حەز و ئارەزوەکی زۆر بۆ موزیکی وێبرن (بەتایبەت موزیکی 12 تۆنی) لەدوای ساڵانی ١٩٥٠ پەرەی سەند.

گرنگترین ئاوازدانەرە پێشەنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم:

Milton Byron Babbitt (1919-2011), Luciano Berio (1925-2003), John Milton Cage (1912-1992), George Henry Crumb (1929-2022), György Sándor Ligeti (1923-2006), Olivier Eugène Prosper Charles Messiaen (1908-1992), Naresh Sohal (1939-2018), Harry Partch (1901-1974), Krzysztof Eugeniusz Penderecki (1933-2020), Karlheinz Stockhausen (1928-2007), Morton Subotnick (1933 – still), Iannis Xenakis (1922-2001).

ئەم هونەرمەندە ناودارانە، لە شاکارەکانیاندا چەندین تەکنیک و شێوەی دەربڕینی نوییان دروستکرد وەک و دارشتنی لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێنا. لەمانە: میانەکانی نیو تۆن، دەنگی ناتەقلیدی یان سەرچاوەی دەنگی نوێ و نەریتی، بەکارهێنانی جیاوازی کەرەستە، بەکارهێنانی نەخشی مایکرۆریتمیک ی بەهێز و هەروەها شێوازی نووسینی نوێی نۆتە.(Stein, a.g.e., لا. 227)

**2.5.2.1 ڕەنگی دەنگی مێلۆدی"Klangfarbenmelodie":** بەزمانی ئینگلیزی (timbre Melody) تەکنیکێکی تری دروستکردنی مێلۆدییە، لە سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە. ئەو تەکنیکە مێلۆدییە بەگشتی بۆ ئامێرەکان بەکاردەهێنرێت، کە نۆتەکانی یەک لە دوای یەک لەناو پێکهاتەی مێلۆدییەکە بە دابەشکردن و ژەنینی لەلایەن ئامێرە جیاوازەکانەوە بە هاوبەشی نمایش دەکرێن. ئاوازدانەری یۆنانی زیناکیس(Iannis Xenakis 1922-2001) لە ساڵی ١٩٥٤ لە فیلمی "Metastasis" شێوازە بیرکارییەکانی ئاوازدانانی بە جیهان ناساند. هەروەها لە (شێوازی بەها و چرییەکان) "Mode de Valeurs et D'intensites" کە یەکەم نموونەی پێکهاتەیەکی فرەڕەهەندە، کە لەلایەن ئۆلیڤەر مێسیاین (Olivier Messiaen 1908-1992) بۆ ئامێری پیانۆ نوسیویەتی، کە تیایدا چوار توخمی موزیک (دەنگ، ماوە، نوانس و ڕەنگ) بە شێوەیەکی سەربەخۆ و یەک لە دوای یەک بەپێی "مۆداڵی و زنجیرە تۆن" و شێوازێکی ڕیتمیی ئاڵۆزی پەرەپێداوە، لەو سەردەمە لە ئێو دۆزراوە هەرە گرنگەکان جێگەی خۆی دەگرێتەوە. لەم تەکنیک و شێوازە ڕەنگی دەنگ Timber گرنگترین شوێنی هەیە و لە بەرزترین خاڵی بەرهەمەکەیە، بەم شێوەیە (هارمۆنی دەبێتە سەرچاوەی ڕەنگی دەنگ).




نموونە -٣-

2.5.2.2 دەنگ (Sound): گرنگترین سەرچاوەی ئاوازدانەران لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە پلەی یەکەم و سەرەکی (دەنگ)ە.

دەنگی مرۆڤ و دەنگی ئامێر دوو کەرەستەی گرنگ بوون هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە موزیکدا بەکاردەهێنران. ئەنتۆن وێبرن (A. Webern,1883-1945) وەک دروستکەری جیهانێکی تەواو نوێی ڕەنگی دەنگ لە بنەڕەتدا کاریگەری لەسەر ئەو موزیکانە هەبووە، کە لە ساڵانی دواتر لە موزیکی ریالیزم - واقیعگەرایی "realism music"دا بەرهەم هێنرا.

بەرای موزیکدانەری ناودار، کەیج (1912-1992) John Milton Cage، هەموو دەنگێک لە سروشت گوێبیستی ببین دەنگی موزیکین، بەمەرجێک لە ژێر کۆنترۆڵدا بن.(CAGE, 1961) واتا دەنگی هەر شتێك لە سروشتدا ئەگەر هاتوو کۆنترۆڵ بکرێت، ئەوە وەک دەنگێکی موزیکی لەبەرهەمەکاندا بەپێی پێویست دەکرێت بەکاربهێندرێت. هەروەها هەر کەرەستەیەکی موزیکی، دەکرێت درێژ یاخود کورت بکرێتەوە بۆ بەدەست هێنانی مێلۆدی ئارەزووکراو.(Kostka, p.97) بەهەمان شێوە دەنگی ئەلیکترۆنی ودەنگە دروستکراوەکان تێکەڵکێشی دەنگەکانی ئامێرەکان کرا و بە فراوانی بەکارهێندرا.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو موزیکی ئەلیکترۆنی لە تەلەفزیۆن، سینەما، ڕادیۆ و بالێ بە شێوەیەکی کاریگەر وەک موزیکی پاشبنەما بەکارهێندرا. کەیج، فێڵدمان و براون (Cage, Feldman, Brown) لەو ئاوازدانەرانەن، کە کاریگەریان هەبووە لە بواری "موزیکی هەڕەمەکی" لە ئەمریکا. موزیکدانەران ئەو دەنگانەی لە سروشت هەن و ئەو دەنگانەی لەرێگای تەکنەلۆجیا بەرهەمیان دەهێنا بەشێوەی جۆراو جۆر لە بەرهەمە موزیکیەکانیاندا بەکاریان هێنا، ئەو دەنگانە لە ژینگەی سروشتی تۆمارکراون، دەکرێت وەک خۆیان یاخود بەدەستکاریکردن بەرهەمبهێنرێنەوە؛ دەتوانرێت بە دەستکاریکردنی شریتی تۆمارکراو بە زیادکردن یان کەمکردنەوەی خێرایی، گۆڕینی ئاراستە، یاخود زیادکردنی دەنگی تری سروشتی بۆیان، یان پێچاندنەوەی شریتەکە بۆ دروستکردنی کاریگەری "ostinato" لە بەرهەمەکان. هەر تەکنیکێک سەبارەت بە بەرهەمهێنانی هەر دەنگێک، جۆراوجۆری دەنگەکە یان بە بەکارهێنانی بۆشایی دەنگەکە، دەتوانرێت وەک شێوازێکی تازە تەماشا بکرێت. هاوشێوەی "بەکارهێنانی ئازادی ناتەبایی" کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەکارهێندرا، ئەو بەکارهێنانە ئازادیەی دەنگ بەهەمان شێوە لە موزیکی نوێدا بەبەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز هەیە.

لە قۆناغەکانی پێشوودا توخمی ڕەنگی دەنگ بەراورد بە توخمەکانی ڕیتم و مێلۆدی و هارمۆنی و فۆرم گرنگی لاوەکی هەبووە، بەڵام لە موزیکی سەردەمی ئێستادا ڕەنگی دەنگ ڕۆڵی سەرەتایی وەرگرتووە. لەم قۆناغەی ئێستادا دەتوانرێت باس لە پێنج پۆلی


دەنگی نوێی جیاواز لەیەکتر بکرێت: ئامێری نوێ، بەکارهێنانی نوێی ئامێرە تەقلیدیەکان، ئامێری لێدانی فراوانکراو، دەنگدانی نوێ، دەنگی موزیکی سروشتی. هەمان سەرچاوە. (Stein, a.g.e., p. 228)

مێسیاین لەپاڵ ئەوەی کە یەکێک بووە لە نوێنەرە هەرە گرنگەکانی موزیکی سەدەی بیستەم. باڵندەناس و ئاوازدانەر و ئۆرگانیست و مامۆستای فەرەنسی ئۆلیڤەر مێسیاین Olivier Eugène Prosper Charles Messiaen (1908-1992)، بەشێکی زۆری ژیانی بۆ ناسینی باڵندەکان تەرخان دەکات. کەتەلۆگی باڵندەکان (Catalogue d'Oiseaux) کە گەورەترین دەستکەوتی توێژینەوەکانی لەسەر باڵندەناسییە. ئەو بەرهەمە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر جیهانی موزیکی مۆدێرن دروستکردووە. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٦ دەستی بە نووسینی موزیکی بەرهەمەکانی کەتەلۆگی باڵندەکان کردووە کە لە حەوت کتێب و سێزدە بەش پێکهاتووە و لە یەکەم ڕۆژی ئەیلول لە ساڵی ١٩٥٨ تەواوی کردوە، ئەوەش یەک لە داهێنان و نوێکاریەکی ترە لەم سەردەمەدا.

مێسیاین، بۆماوەی دوو ساڵ (١٩٥٦-١٩٥٨) گەشت دەکات بۆ سەرتاسەری باکووری ئەفریقا بە مەبەستی ئەوەی بە وردی چاودێری باڵندەکان و دەنگەکانیان بکات. لە لێکۆڵینەوەکەیدا، حەفتا و حەوت باڵندەی دەستنیشانکردووە و لە کارەکەیدا شیکراونەتەوە و وەسفەکانیان خراوەتە ڕوو. باڵندەکانی باسکراو شیکاری و تایبەتمەندی بۆ هەریەکەیان ئەنجامدراوە، ئەو بوونەوەرانەی کە وێنا دەکرێن جگە لە باڵندە، دیمەنی سروشتی، وێناکردنی سروشت، ناوچەکان و شوێنی ئەو ڕەنگانەی کە بەکارهێنراون هەمووی دیاریکراون. وردەکارییە تەکنیکییە سەرنجڕاکێشەکانی ناو بابەتەکان و هەروەها شیکاری تایبەتمەندی بابەتەکان لە ڕێگەی خشتەکانەوە بەهێزتر کراون. لێهاتوویی هەست و هاوکاتی مێسیەن ڕێگەی پێدا دەنگەکان وەک ڕەنگ ببیستێت و بیانناسێتەوە و وای لێکرد ڕەنگەکان بخاتە ناو نزیکەی هەموو بەشەکانی کەتەلۆگەکەوە. دڵنیابوون لە ڕەنگەکانی ناو بابەتەکان شوێنێکی گرنگ دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی بینەر و ئەنجامدەر باشتر لە کارەکە تێبگەن. جگە لەوەش دەنگی ئەو باڵندانەی کە ناونیشانی بابەتەکانی کەتەلۆگی باڵندەکانیان ناوە بە دوو شێواز لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. لە کاتێکدا شێوازێک بۆ ناسینەوەی نۆتەکان بەکارهاتووە، شێوازەکەی تر بۆ دیاریکردنی رەنگی دەنگەکان بەکارهاتووە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە تا ڕادەیەکی زۆر لێکچوونێک لە نێوان دەنگی ڕاستەقینەی باڵندەکان و میلۆدی موزیکی ئەو باڵندانەی بەشدارن لە کارەکەدا هەیە. ئەو بەرهەمانە دونیایەکی تازە لە هونەری موزیکی نوێ دروست دەکەن کە لەمەوبەر بونی نەبوە. (dc.description.abstract)




نمونە -٤-




ووێنە -٤-

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی گەورەی تەکنەلۆژیا بدرێت، کە هۆکاری سەرەکی هەبوە لە بڵاوکردنەوەی نویکاری و گۆڕانکارییە موزیکیەکان لە هەموو جیهان. تۆمارکردن لەسەر پلاک (LP plak)، کاسێت و بڵاوکردنەوە لە ڕادیۆ و دواجار تەلەفزیۆن و سینەما موزیکی هاوچەرخیان لە خەڵک نزیک کردۆتەوە. ئاوازدانەرانی پێشەنگ بانگهێشت کران بۆ دروستکردنی موزیکی پاشبنەما بۆ فیلم و شانۆ و نمایشی سەما. بەم شێوەیە ئەم سوودە تەکنەلۆژییانە بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ڕێپرتوارە ستانداردەکان هەر لە ڤیڤاڵدیەوە تاوەکو ئەمرۆ.

**2.6 گرنگترین نوێکاریەکان لە موزیکی سەدەی بیستەمدا:** لەم سەردەمە موزیکی مۆدێرن، نوێکاری و دۆزینەوەی نوێی بەخۆیەوە بینیوە. هەموو ئەو دۆزراوانە، لە پایەی دەربرینێکی ئازادانەی بێ سنوور لە هەست و ئارەزوو و ڕوداوەکانی ژیانی مرۆڤ بکات. بێ گومان ئەو ڕووداوانە کاریگەریان کردۆتە سەر شێوازی نوسینی نۆتە و ئاماژە گرینگەکان لە کاتی ئەدا دا فراوان تر بوون. لەئەنجامدا شێوازی نووسینی تایبەت و نوێ بۆ دەربڕین لە موزیك وەدیهێنرا. تێگەیشتن لەم جۆرە موزیکە، پێویستی بە بیناغەکی باشی موزیک و کۆمەڵێک زانیاری بنەرەتی هەیە، هەروەها نوسین و دانانی لەم جۆرە موزیکە زانیاریەکی زۆر فراوانتری پێویست دەبێت.

لەسەدەی بیستەم زۆربەی ڕێنماییە سنوردارەکانی موزیکی کلاسیك دەبەزێندرێت. موزیکدانەران لە توندرەوی یاساکانی کۆن بەشێوەیەک رزگاریان دەبێت و بە ئازادانە نوسینەکانیان ئەنجام دەدەن، ئەوەش کەرەکتەرێکی نوێ وبەهێز دەبەخشێتە بەرهەم و دانراوەکانیان. ئەو ئازادیە بە مانای ئەوە نیە، کە موزیکی مۆدێرن پابەندی هیچ یاسا و ڕێنماییەک نیە. بەڵکو، لە چوارچێوەی نوێکارییە تەکنیکییەکانی موزیکدانان. تەنها سەربەستی و ئازادی دراوەتە شێوەی دەربڕین و بەکارهێنانی ڕێنماییەکان، بۆ ئەوەی موزیکدانەر بە شێوەیەکی ئازادانە ئامانجەکانی بە قوڵی و ڕێکوپێکی بگەیەنێتە بیسەران.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە تەواوی وازهێنرا لە بەکارهێنانی زنجیرە پەیژە و سیستەمی تۆناڵ و ڕوو لە ئاتۆنالیتی (Atonality) کرا. بەپێیی سیستەمی ئاتۆناڵ پێکهاتەی کۆردی جیاواز دۆزرایەوە، بەگشتی پێویستی بە چارەسەرکردن نابێت، سەربەستی جوڵانەوەی میلۆدی دوور لە یاسا توندرەوەکانی هارمۆنی کۆن، بە ئازادانە کاری لەسەر کرا و چەندین شێوەی ڕیتمی ئاڵۆز ونوێ بەیەکەوە لە دروستکردنی میلۆدی ڕۆڵیان بینی و بەکارهێنران. درێژکردن وکورتکردنەوەی بەهای ڕیتمیی نۆتەکان، هەروەها ڕاستەوخۆ هیچ ڕیتمێکی دیاریکراو لە دانراوەکاندا بە بنەما وەرناگیرێت و سەرنج راناکێشێت. گەرانەوە بۆ بەکارهێنانی زنجیرە پەیژە کۆنەکان (مۆدەکان)، پێکهاتەی ڕستەی ناڕێک و بازدانەوەی فراوان بە ئازادانە لە میلۆدی، بەهادان بە گشت تۆنەکانی موزیک، بووە هۆکاری دروست بوونی سیستەمی نوێی (١٢ تۆن) لەو سەردەمە. جولەی دەنگەکان و ڕێنماییە توندرەوەکانی هارمۆنی کۆن، بەهای نەما لای موزیکدانەران. لەم سەردەمە هەر دۆزراوێکی نوێ سودی بۆ بەرهەمە موزیکیەکە هەبێت، وەک ئامراز بەکار هێنرا. لە ئەنجامدا، توخمەکانی موزیک و ئەلیمێنتەکان ژمارەیان زیاد بوون رۆڵی گرنگیان پێ درا، ئەمەش بو بە هۆی دەوڵەمەندیی و خاوەن هەست و دەربڕینی تازەی موزیکی مۆدێرن جیاواز لە سەردەمانی پێشووی خۆی.

**3**.ڕەوتی نوێ لە موزیکی سەدەی بیستەم؛ هەموو کەرەستە و تەکنیکی کۆن و نوێ دۆزراوەکان، لە خزمەتی بەرهەم و ئامناجدا دەبێت.

### 3.1.0 تەکنیکە نوێیەکانی تۆنالیتە لە موزیکی سەدەی بیستەم

لە سەدی بیستەم، موزیکدانەران سەرەتا هەوڵیان داوە سوودێکی تەواو لە ئەگەرەکانی هەموو زنجیرە پەیژە کۆنەکان، هەروەها نوێ دۆزراوەکان وەربگرن و لە کاتی بەکارهێنانیاندا، نوێکاریشی لەگەڵدا ئەنجام بدەن. لەم بەشەی توێژینەوە تیشك دەخەرێتە سەر چەند تەکنیکێکی نوێی بەکارهێنانی تۆنالیتە کە بە فراوانی لەم سەردەمە کاری پێ دەکرا. لەگەڵ شیکردنەوەی نموونەکان ڕوونکردنەوە لەسەر بابەتەکان دەدرێت.

**3.1.1 تەکنیکی گۆڕینی تۆناڵیتی (shifting tonality):** گۆڕینی تۆناڵیتی بەو مانایە دێت، کە سەنتەری تۆناڵێکی دیاریکراو (دەنگی سەرەکی) بە سەنتەری تۆناڵێکی تری نوێ دەگۆڕدرێت.(Dallin, a.g.e., s.126). واتا گۆرانکاری لە مۆدی موزیکەکە ڕودەدات.

لە پەیژە گۆڕکێ (فەرەج، ٢٠٠٥ لا. ٥٤) مۆدیولەیشنە تەقلیدییەکاندا Modulation، گواستنەوە لە پەیژەی دیاریکراوی سەرەکی بۆ پەیژە هاوتاکان لە ڕێگەی کۆردە هاوبەشەکانەوە بە ئامادەکاری کۆردەکان ئەنجام دەدرێت. بەڵام لە تێروانینی موزیکی هاوچەرخدا، گۆڕینی پەیژەیەکی دیاری کراو بەبێ ئامادەکاری واتا لەناکاو و کتوپڕ ئەنجام دەدرێت. جگە لەوەش، گۆڕانکاریەکە بەرەو تۆن یاخود پەیژە دوورەکان دەڕوات، کە لەگەڵ پەیژە سەرەکیەکە هاوتا نین. بەم شێوەیە لە خاڵێکی ستراتیژی و لەناکاودا تۆنێکی نوێ لە ڕستەکەدا دروست دەبێت. ئەوەش پێی دەگوترێت "shifting tonality" گۆڕینی تۆنالیتی. لەم ڕووەوە، دەبیندرێت کە ئەم تەکنیکە تازەیە و جیاوازە لە مۆدیولەیشن (Modulation) کە لە سەردەمانی پێشوو بەکار دەهێندرا.

ئەم تەکنیکە نوێیە (گۆڕانکاری لە تۆناڵیتی) "shifts in tonality"، لە راستیدا سیستەمی تۆناڵیتی ڕەت ناکاتەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی میلۆدی لە تۆنێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە یاخود بە ئامادەکاری کۆردەکانی تر بەرەو تۆنێکی تازە بڕوات(وەک ئەوەی لە سەردەمانی پێشو ڕێنمایی تایبەتی هەبوە)، زۆرجار هەمان میلۆدی لەناکاو دەگۆڕێت و لە تۆنێکی دوور و جیاواز نمایش دەکرێت.

گۆڕانی لەناکاوی تۆناڵیتی؛ لە موزیکی سەدەی بیستەمدا جێگەیەکی گرنگی هەیە، ئاوازدانەران بەژیرانە لە بەرهەمە موزیکیەکانیاندا بەکاریدەهێنن. لەم نمونەیەی خوارەوە شۆستاکۆڤیچ (1906-1975) Dmitri Dmitrijewitsch Schostakowitsch لە سینفۆنی ژمارە 5ی لەم بەشە بە پەیژەی فا ی گەورە دەستپێدەکات، لەناکاو دەچێتە پەیژەی سیبیمۆڵی گەورە، لەناکاو دەچێتە پەیژەی لای گەورە ئینجا لە ناکاو دەچێتە فای بچوک. هەروەها لە هێڵی خوارەوە سەرەتا لە تۆنالیتەی دۆی گەورەیە لەناکاو دەچێتە پەیژەی سیبیمۆڵی بچوک، ئینجا لە ناکاو دەچێتە فادێزی گەورە. لە راستیدا ئەم پەیژانە لە یەکتر زۆر دوورن، هەروەها گۆرانکاریەکان بەبێ ئامادەکاری و هاوکاری کۆردی هاوبەش، لەناکاو و کتوپڕ ئەنجام دراوە و بەردەوامی میلۆدیەکەش لەناو گۆرانکای ئەو هەموو پەیژە جیاواز و لەیەکتر دوورە، نمایشی داهێنانێکی سەردەمیانە دەکات لە بەکارهێنانی تەکنیکی "shifts tonality".




نموونە -٥-

**3.1.2 دوو مۆودالّیتی (Dual modality technic):** ئەم تەکنیکە پەیوەستە بە باکارهێنانی دوو مۆودالیتی یاخود دوو تۆنالێتی لە هەمان کاتدا. موزیکدانەر دوو دانە پەیژە یاخود دوو دانە مۆد لە بەرهەمێکی موزیکیدا لەهەمان کاتدا بەکار دەهێنێت. بەکارهێنانی پەیژەیەکی گەورە و پەیژەیەکی بچوک سەر بە یەک تۆنالیتە لەلایان موزیکدانەران لە بەرهەمەکانیاندا بەرجەستە دەکرێت. ئەمەش واتای دوو مۆدالیتی دەدات"Dual modality". لەم نمونەیەی خوارەوە، بارتۆک ( Béla Bartók,1881-1945 / String Quartet No.2) بۆ چواری سترینگ بە ناوی "Picardy Trio" نوسیویەتی، پێکهاتەی میلۆدی لەپەیژەی لای بچوکە (a minor)ە، بەڵام یاوەری میلۆدیەکە لە خوارەوە، لە پەیژەی لای گەورەیە (A Major)، بارتۆک بە شێوەیەکی ناوازە نمایشی بەکارهێنانی دوو مۆدالیتی لەم بەرهەمەدا دەکات.




نموونە -٦-

**3.1.3 فرە دەنگ – فرە مۆدالیتی (Politonalite-Polimodalite technic):**"Politonalite" فرە دەنگی بریتییە لە بەکارهێنانی دوو تۆناڵیتە یان زیاتر لە یەک کاتدا، کە بە شێوەیەکی بیستراو لەیەکتر جیا دەکرێنەوە.(Ulehal, a.g.e, p. 282). هەرچەندە هەرهەموو بەرهەمە موزیکیەکان کە لە دوو دانە بەرەوسەرەوە سەنتەری تۆناڵی جیاواز تیایدا بەکاربهێندرێت، بە پۆلیتۆن فرە تۆن "Politonalite" دادەنرێن، بەڵام زۆر جار ووشەی بی-تۆناڵیتی "bitonalite" بۆ گوێبیستنی دوو سەنتەری تۆناڵیتی جیاواز لە هەمان کاتدا بەکاردەهێندرێت. لەم خاڵەشدا تەکنیکی فرە مۆدالیتی لە تەکنیکی دوو مۆدالیتی جیا دەکرێتەوە.

میلهاود یەکێکە لە پێشەنگەکانی بەکارهێنەری ئەم تەکنیکە. لە بەرهەمەکانیدا تەکنیکی "پۆلیتۆناڵیتی" بەبێ سنور بەکاردەهێنێت و دەبیندرێت. میلهاود لە بەشەکانی (کەونتەرپۆینتی دوو دەنگی) کۆردی فراون و بەکارهێنانی تۆنالیتەی نیزیک هەروەها تۆنالیتەی دوور بەیەکەوە و بێ سنوور بەکاردەهێنێت. لەم نمونەیەی خوارەوە (داریوش میلهاد) کە کۆنشێرتۆی بۆ ئامێری کلارنێت و پیانۆ لە ساڵی ١٩٥٦ نوسیویەتیDarius Milhaud, Duo Concertant, Clarinette et Piano Op. 351، تەنها ئانالیزی (مێزور)ی باری یەکەم بەدەست وەرگرین، دەبینین کە ئەندازەیەکی سەرسوڕێنەری لە کۆی بیستنی دەنگەکان ئەنجام داوە. تۆنالیتە لەلای ئامێری کلارنێت (می گەورە-لای بچوک- ڕێی گەورە)یە و لە دەستە چەپی ئامێری پیانۆ (لای گەورە-لای بچوک- می بیمۆڵ ی گەورە)، لە دەستی ڕاست (فا دێزی بچوک هەڵگەڕاوەی یەکەم دۆ گەورە می بیمۆل ی گەورە)یە. ئەو هەموو ڕەنگە جیاوازە تەنها لەناو یەک بار ڕوویانداوە، (فرە تۆن و فرە کۆرد و هەروەها فرە میلۆدی) ئەندازەیەکی سەر سوڕێنەر لە کۆی بیستنی دەنگەکان ئەنجام دراوە. لێرەدا ئەگەر سەیری دەنگەکان بکەین لە کرۆشی دووەم دەنگی (دۆ-لا-دۆ دێز-فا دێز-سۆڵ دێز) بەیەکەوە بەکار هێندراوە لە ڕاستیدا لەپاڵ دروستکردنی هارمۆنییەکی سەردەمیانە، هەر یەک لەم دەنگانە لەسەر هێڵێکی جیاواز ئاراستەیەکی ئاسۆیی و ڕێگای تایبەت بەخۆی گرتۆتە بەر و میلۆدیەکیی جیاواز دروستدەکات.



نموونە -٧- Darius Milhaud, Duo Concertant, Clarinette et Piano Op. 351 - 1956

**3.1.4 پان-دیاتۆنیزم (Pandiatonicism technic):**"زاراوەی پان-دیاتۆنیزم بۆ وەسفکردنی ئەو بڕگانە بەکاردێت، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی هەندێک لە زنجیرە پەیژەی "دیاتۆنیک" وەک دۆ ی گەورە-لا ی بچوک (Do M - la m) بەڵام بەشێوەیەک کە پشت نابەستێت بە پەیوەندییە هارمۆنیە تەقلیدییەکان و چارەسەرکردنی ناتەبایی (dissonans) دەنگەکان تیایدا ئەنجام نادرێت". (Kostka, p.114)


Copland, Appalachian Spring s. 51



نموونە -٨-

"پان-دیاتۆنیزم" دیاردەیەکە کە لە کۆتاییەکانی قۆناغی ڕۆمانسی و سەرەتاکانی موزیکی مۆدێرن لە سەدەی بیستەمدا وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە سیستەمی توندڕەوەی کرۆماتیزم سەریهەڵدا و بەکارهێندرا. پان-دیاتۆنیک "Pan-diatonic" وەک سەرچاوەی مەتێریالی موزیکی، زنجیرە پەیژەکانی "دیاتۆنیکی" بەکاردەهێنێت. ئەوەی ئەم تەکنیکە لە تەکنیکی کرۆماتیک جیا دەکاتەوە؛ نەبوونی فەنکشنەکانی هارمۆنی و مێلۆدییە تەقلیدییەکانە، کە لە سیستەمی کرۆماتیک بونی هەیە، بەڵام لە پان-دیاتۆنیک بونی نیە و بەکار نایەت. هەروەها پەیوەندییە تۆناڵییە نەریتیەکان و نەخشەکانی کادەنس لەم شێوازە تەکنیکە، نامۆیە و تیایدا نادۆزرێتەوە.

لەم نموونەیەی خوارەوە، "سیمفۆنیی زەبورەکان"ی ستراڤینسکی وەرگیراوە "Symphony of Psalms" Stravinsky، تایبەت بە بەکارهێنانی تەکنیکی پان-دیاتۆنیزم. لە هێلەکانی خوارەوە ئۆستیناتۆ هەیە لە پەیژەی می بیمۆڵی گەورە( Eb Major) بەڵام لەسەرەوە، کە تایبەتە بە دەنگی مرۆڤ، دەنگەکان کۆردی زۆر جیاواز پێک دەهێنن، وەک ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، هەست بە فۆنکشیۆن و پەیوەندییە هارمۆنیە نەریتیەکانی پەیژەکە ناکرێت، هەروەها چارەسەرکردنی ناتەبایی"dissonans" دەنگەکان ڕوو نادات.





"نموونە -٩- Stravinsky "Symphony of Psalms

**3.1.5 زنجیرە پەیژەی دروستکراو (Synthetic Scale):**تەکنیکی زنجیرە پەیژەی دروستکراو بەمشێوەیە پێناسە دەکرێت: "سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بێکۆتا یە بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی هاوچەرخ".(Dallin, 1964, p. 40). تەکنیکی پەیژەی دروستکراو لە

پەیژەیەکی گەورەی (major scale) دیاتۆنیکی نەریتی، پەیژەیەکی دروستکراو سەرچاوە دەگرێت و فۆرمێکی تایبەتی پەیژە دروست دەکات (پەنتاتۆنیک یاخود تێتراکۆردیش دەگرێتەوە) بە گۆڕینی پەیژەکە نیو تۆن بەرەو سەرەوە یاخود نیو تۆن بەرەو خوارەوە ترانسپۆزە دەکرێت. بەمشێوەیە هەرجارێکیان پەیژەیەکی نوێ دروست دەکات. ئاوازدانەر فێروچیۆ بوسۆنی (1866-1924) Ferruccio Busoni لە کتێبی "A New Esthetic of Music"(جوانکاریی نوێی موزیک) لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامداوە و باس لە وردەکاری ئەم شێوازە تەکنیکە کردوە.(Barbour, 1929 p. 155)

لەم نمونەیەی خوارەوە بەناوی میکرۆکۆزمۆس (وردە گەردونە) (Bartók, Microcosmos Vol. 4 No:105) بیلا بارتۆک لە چار مێزوری یەکەمدا دەبینین ئەو تەکنیکە پەیرەو دەکات بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرە پەیژەی نوێ کە نیو تۆن بەرەو سەرەوە ئاراستەی گرتوە.




Bartók, Microcosmos Vol. 4 No:105 نموونە -١٠-

**3.1.6 زنجیرە پەیژەی کرۆماتیک (Chromatic scales):** (پەیژەی رەنگین) (فەرەج،٢٠٠٥ لا ١٨٤).یاخود " پێوەرە ڕەنگاوڕەنگەکان: زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ ڕەهەندە موزیکیەکانی دەرەوەی بازنەی پێوەرەکانی دیاتۆنی، کە ڕێژەی تۆنەکان بە نیوە تۆن بەرز دەبێتەوە یاخود نیوە تۆن نزم دەبێتەوە". (حسام الدین، ٢٠٠٤، لا ١٠٢)

لە پێناسەیەکی تریش بەم شێوەیە باسی لێدەکرێت "ئەو پەیژەیانەن، کە بنیاتنراون لەسەر دابەشکردنی یەک ئۆکتاڤ بۆ دوانزە نیو تۆنی (دەنگی) یەکسان". (ontology.birzeit.edu-Online)

لە پێناسەیەکی تر: "زنجیرەی کرۆماتیک(رەنگین) یاخود (ڕەنگاوڕەنگ)، زنجیرەیەکە هەموو دەنگەکانی سیستەمی دیاتۆنیک لەناو ئۆکتاڤێک، بە یەکسانی دابەشی 12-نیو تۆن دەکرێت".(Forte, 1979, p. 4-5)

پێوەری کرۆماتیک بەگشتی بەسەر سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکرێت:

یەکەم: پەیژەی کرۆماتیکی سروشتی(تۆناڵ). دووەم: پەیژەی کرۆماتیکی هارمۆنی. سێیەم: پەیژەی کرۆماتیکی میلۆدی: جگە لە نیو تۆنەکان، جولەی بەرەو سەرەوە دەنگەکان نیو دەنگ بەرز دەکرێن، هەروەها لەگەرانەوە بۆ خوارەوە جگە لە نیو تۆنەکان دەنگەکان نیو تۆن نزم دەکرێن:


(دۆ، دۆ#، رێ، رێ#، می، فا، فا#، صوڵ، صوڵ#، لا، لا#، سی، دو – سی، سیb، لا، لاb، صول، صولb، فا، می، میb، رێ، رێb، دۆ)




نموونە -١١-

"ئەو خاڵەی کە موزیکی تۆناڵی دیاتۆنی دەکات بە موزیکی رەنگین، خاڵێکی ڕەها نییە. لە زۆر حالەتدا دەکرێت زۆربەی هارمۆنی موزیکی تۆناڵ، بە شێوەی ڕەنگین شیبکرێتەوە بە بەکارهێنانی هەمان ڕێنماییەکانی (کۆردە گۆڕاوەکان، مۆدولێیشنەکان، تۆنەکانی دەرەوەی کۆردەکان و دەنگە ڕەنگینەکان و هتد...) کە لە شیکاری موزیکی دیاتۆنیدا بەکار دەهێندرێن".(Kostka, 1990, p. 2)

لەم نموونەیەی خوارەوە گریک (E. Grieg, 1901-Op.71) کۆردەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بە جووڵەی هاوتەریبی سیانی لە سۆپرانۆ و ئاڵتۆ بەشێوەی رەنگین بەرەو خوارەوە دەبات و لە هەمان کاتدا لەگەڵ دەنگەکانی تێنۆر و ئاڵتۆ بەیەکەوە کۆرد دروست دەکەن. هەرچەندە دەنگەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ جولە دەکەن، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی کۆردەکان یەکتر دەگرنەوە.




نموونە -١٢-

**3.1.7 تەکنیکی زنجیرەی دوانزە تۆن (Twelve-tone technical serials):**بنەماکانی ئەم سیستەمە کە پێی دەوترێت دۆدیکافۆنی یاخود دوانزە تۆن (twelve-tone or Dodecaphonic) یاخود موزیکی زنجیرەیی (serial music)، تەکنیک و داهێنانێکی موزیکدانانی سادە و تارادەیەک ئاسانە.


"سیستەمی ١٢ تۆن یاخود پێکهاتەیەک بە دوانزە نۆتەکانی پەیوەندیدار" لە بنەڕەتدا کارێکی کۆنتراپۆینتی یە. لە ڕاستیدا تێگەیشتنێکی پۆلیفۆنیکە، کە لە هەندێک ڕووەوە لەگەڵ موزیکی پێش تۆناڵی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاوبەش بووە. بۆیە ڕێنووسی دوانزە تۆن لە تەکنیکەکانی دژە خاڵ نزیکە.(Persichetti, a.g.e., p. 262)

شۆنبێرگ (1874-1951) Arnold Schonberg لە کتێبەکەی HARMONIELEHRE لە پوختەی بیرۆکە کەی سیستەمی ١٢ تۆنی بەم شێوەیە باس دەکات: "نابێت چاوپۆشی لەوە بکرێت کە یەک لەم زنجیرە دەنگانە، تا ڕادەیەک بیرۆکەیەکی موزیکی لێ دروست دەبیت؛ ژمارەی ئەو بیرۆکە موزیکیانە لەراستیدا بە زیاد بونی دەنگە جیاوازەکانی بەردەست زیاد دەکات. بەڵام کاتێک ١٢ دەنگ لەگەڵ ڕەهەندی دووەم، کە پۆلیفۆنییە کە دەنگی یاوەری تا چوارقات دەگرێت، مەزندە دەکرێت کە هێندەی ٢٤ دەنگ لە یەک کاتدا بە یەک دەنگ تەنها لە یەک قەبارەدا کۆکرابنەوە". ئاوازدانەر و تیۆریستی نەمسایی ئارنۆڵد شونبێرگ لە ساڵانی ١٩٢٠دا موزیکی دوانزە تۆنی داهێنا بۆ ئەوەی لە موزیکی ئاتۆناڵدا، هەستێکی لۆژیکی هاوشێوەی کارکردی هارمۆنیی دابین بکات.

بەگشتی لە قۆناغێکدا شێواز و تەکنیکێکی نوێ، زۆرجار درێژکراوەی تەکنیکێک دەبێت کە لە قۆناغەکانی پێشتر بەکارهێنراوە و دوای پەرەسەندنی دەگاتە پێکهاتەی کۆتایی. بەڵام سیستەمی "١٢ تۆن" یاسای نوێی تایبەت بەخۆیەوە کە پێشتر بەهیچ شێوەیەک جێبەجێ نەکراو دەخاتە ڕوو. ئێکسپرێشنیزم هۆکاری زیادبوونی ڕەنگی کرۆماتیزمە، هەروەها دەرئەنجامی گواستنەوەی موزیکی تۆناڵ بۆ ئاتۆناڵیتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی " ١٢ تۆن" کە یەکێک لە دۆزراوە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت.

**3.1.7.1 فۆڕمی بنەڕەتی و نەخشی موزیکی دوانزە تۆنی شۆنبێرگ:** بە گشتی فۆرمی ڕێزبەندی١٢ تۆن (Row forms) لەسەر بنەمای چوار خاڵی سەرەکی دروست دەبێت:

1. بەرەوپێشەوە ( Forwards )، سەرەتا دیاریکردنی ١٢ نیمچە تۆنە ڕەنگینەکە لەناو یەک ئۆکتاف بە ئارەزوی موزیکدانەر دیاری دەکرێت (لە بەکارهێنان دەکرێت لە هەر ئۆکتافێک بەکاربهێندرێت)، بەمەرجێک هەر دەنگێک تەنها یەکجار بەکار دەهێندریت و دوبارە ناکرێتەوە. وەک هێلی موزیکی یەکەم لە نمونەی خوارەوە.
2. بەرەو دوواوە ( Retrograde ) واتە گەڕانەوە لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا. سەیری نمونەی خوارەوە هێڵی موزیکی دووەم بکە.
3. پێچەوانەکراو(سەرەوخوار) ( Inverted ) واتا هەڵگەرانەوەی میانەکان، دەنگی سەرەتا وەکو خۆی دەمێنێت ئینجا میانەی لەگەڵ دەنگی دووەم چەند بێت و ئارەستەکەی چۆن بێت، دەگوازرێتەوە بەرەچاوکردنی دوری میانەکە بەپێچەوانە؛ لەدوایدا هەمان شت لە نێوان دەنگەکانی دوەم و سێیەم ئەنجام دەدرێت، هەروەها تا کۆتا دەنگەکان، وەک لەهێڵی موزیکی سێیەم لە نمونەی خوارەوە دیاریکراوە.
4. پاشەکشە - پێچەوانەکراوە ( Retrograde- inverted ) بەواتای هەڵگەڕانەوەی بەرەو دواوەی هێڵی سێیەم لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا کە هێڵی موزیکی چوارەم لە نمونەکەی خوارەوە دروست دەکات.




نموونەی -١٣-

شۆنبێرگ پێکهاتەی میتۆدەکەی بە ناوی (دوانزە تۆن) ناوبرد، چونکە هەر دوانزە دەنگەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. لەئەنجامدا کە مەبەستی شۆنبێرگ بوە دۆزینەوەی سیستەم و مێتۆدێکی نوێ، کە مەیلی تۆناڵیتی تیادا نەبێت، هەروەها بۆ دوپاتکردنی نەبوونی پەیوەندییەکی هەست پێکراو بۆ یەک تۆنی سەرەکی کە لە سیستەمی دیاتۆنیکدا هەبوە.

**3.1.7.2 یاسا سەرەکییەکانی پێکهاتەی زنجیرەیی 12 تۆن:**

1. هەر نۆتێک جاری یەکەم بەکارهێندرا، تاوەکو هەموو نۆتەکانی ڕیزەکە لە پارچە موزیکەکە تەواو نەبێت، بۆ جاری دووەم بەکارناهێندرێت. بەم شێوەیە هیچ دەنگێک لەم دوانزە تۆنە لەوەی تر کەم یاخود گرنگتر نابێت، واتا هەموویان خاوەن هەمان بەهان.

2. دەکرێت لە هەر ڕیزێک و هەر نۆتێکەوە لە ڕیزەکە دەست پێبکرێت، بە مەرجێک تەواوی ڕیزەکە تا کۆتا بژەنرێت پێش ئەوەی بچێتە سەر بیرۆکەی موزیکی داهاتوو.


دروستکردنی ئاواز و بەرهەمێکی موزیکی لەم جۆرە تەکنیکە بەمشێوەیە یە: دەتوانرێت ڕیزێک وەک یەک دێڕی مێلۆدی یان چەندین دێڕ و یاخود کۆردی لێ دروست بکردێت. هەروەها دەتوانرێت فۆڕمی جیاوازی ڕیز لەهەمان کاتدا بەیەکەوە بەکاربهێنرێت. لە موزیکی زنجیرەی 12تۆنی شۆنبێرگدا زۆرجار فۆرمەکانی هەر ڕیزێک بەجۆرێک جووت دەکرێن، کە نیوە یەکەمەکانیان پێکەوە کۆکراوەیەک پێکدەهێنن و دەربرینێکی پێوەری ڕەنگین دروست دەکەن، هەروەها نیوە دووەمەکانیش بە هەمان شێوە.

ئەو پێکهاتەیە بۆ بەدەستهێنانی پێکهاتەی هارمۆنیی و مێلۆدی و ڕیتم کە بەپێی پلانێکی دیاریکراو دەنووسرێت و لە بەرهەمەکەدا بەکاردێت. هەروەها دەتوانرێت بە بەکارهێنانی پێکهاتەی ڕیتمیکی جیاواز لە کارەکەدا مۆتیڤ و تەوەری نوێ بەرهەم بهێندرێ.


لە پێکهاتەی تونالیتیدا، دەنگی چوارەم و دەنگی پێنجەم لە زنجیرەکە (هەروەها کۆردەکانیان) بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن. لە سیستەمی دوانزە تۆندا زۆربەی کات دوریی دەنگەکانی (دوو یان سێ)یی باشتر و گونجاوتر دەبێت. جگە لەوەش، چەمکی هارمۆنیک یان نا-هارمۆنیک (harmonic - anharmonic) لەم جۆرە تەکنیکە بەکارناهێنرێن. ئەو زنجیرە دروستکراوە (نەخشەی سەرەکی ١٢ تۆن) بەپێی پێکهاتەی دژە خاڵ (Contrapoint) لە سیستەمی پۆلیفۆنیدا دادەمەزرێت، بەڵام لە ڕاستیدا سیستەمەکە لە کارکردنیدا هەموو ڕێنماییەکانی دژەخاڵ پشتگوێ دەخات و کاری پێناکات.

بە گواستنەوەی ئەم چوار زنجیرە دروستکراوە لە نەخشە سەرەکیەکە بۆ دوانزە دەنگ، ئەنجامەکەی دەبێتە بەدەستهێنانی پێکهاتەیەکی چل و هەشت دەنگ. دوبارە دوپاتی دەکەینەوە کە ئەو دوانزە دەنگەی لە بەدیهێنانی زنجیرەکان لەناو نەخشە سەرەکیە دیاری دەکرێت، بەهیچ شێوەیەک وەک ناوەند (سەنتەر) بەکارناهێنرێت و هەر دەنگێک لەگەڵ ئەوەی تر خاوەن هەمان بەها دەبێت و بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەکارهێنانی ئەم نەخشەیە بەشێوەیەکی شارەزایانە و سوود وەرگرتن لە بەکارهێنانی هێڵی ئاسۆیی و هێڵی ستونی، ئەوەندەی تر زنجیرەی تازە دروست دەکات و لە ئەنجامدا بەرهەمەکە دەوڵەمەندتر دەبێت.

موزیکی دوانزە تۆن، بە گشتی وەک بەرپەرچدانەوەی موزیکی تۆناڵی سەرهەڵدا، ئەمڕۆکە بە چەندین جۆری جیاواز کاری پێ دەکرێت. زۆرێک لە ئاوازدانەرەکان بە شێوازی خۆیان ئەم سیستەمەیان پەرەپێداوە و گۆڕانکاریان بەسەردا کردووە. ئەم داهێنانە لەراستیدا سیستەمێکە ئاوازدانەران زۆرجار بۆ ئەوەی لە گرژی و ڕێنماییە توندرەوەکانی موزیکی کلاسیکی دورکەونەوە، پەنا بۆ ئەم سیستەمە دەبەن .ئەم نموونەیەی خوارەوە، شۆنبێرگ لە چەند شوێنێدا وەک سەرەتاییترین بەرهەمی دوانزە تۆنی خۆی دەستنیشانی کردووە. لە وتارە ناسراوەکەی "پێکهاتە بە دوانزە تۆن"دا سویت ی Op.25 بە "یەکەم و گەورەترین بەرهەمی من لەم شێوازەدا" بەناودەبات.(Schoenberg, 1984, p. 232). بیرۆکەی ڕیزبەندی موزیکی ١٢ تۆنی و ماتریکسەکەی بەکاریهێناوە بەم شێوەیە یە:




بیرۆکەی سەرەکی




نموونە ١٣

**3.1.8 زنجیرەیی (Serialism):** خوێندكارەكانی شونبێرگ (ئەلبان بێرگ و ئەنتۆن وێبرن) هەروەها زۆرێك لە ئاوازدانەرانی تریش هەمان شێوازەی تەكنیكی (١٢ تۆن)ی شۆنبێرگیان گرتە بەر لە دانانی موزیكەكانیان و كاریان لەسەر دەكرد. لەمەش زیاتر بۆ بەدەستهێنانی زنجیرەی جیاواز و پەیداكردنی داهێنانی زیاتر، هەلسان بە بەكارهێنانی هەمان سیستەم بۆ توخمەكانی تری موزیك وەک نوانس، بەهای كاتی، گواستنەوە، هتد....

ئاوازدانەر و تیۆریستی ئەمریكی میڵتۆن بابیت (1916-2011) Milton Byron Babbitt و كەسانی دیكە بە تیۆریزەكردنی بەرهەمهێنانی زنجیرەی دەنگی زیاتر جگە لە (نوسینی چەند ریزی رەنگینی 12دەنگ، گواستنەوە، پێچەوانەكردنەوە و پاشەكشە) ئەم شێوازەیان پەرەپێدا و تەكنیكی تێكەڵكردنی ڕیزەكانیان دروست كرد، لە ئەنجامدا تابلۆی گەورەتر دروستكرا و زنجیرەی زیاتر بەرهەم هێندرا.

Inverted

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C | A | G | D♯/E♭ | E | F | D | B | A♯/B♭ | G♯/A♭ | C♯/D♭ | F♯/G♭ |
| D♯/E♭ | C | A♯/B♭ | F♯/G♭ | G | G♯/A♭ | F | D | C♯/D♭ | B | E | A |
| F | D | C | G♯/A♭ | A | A♯/B♭ | G | E | D♯/E♭ | C♯/D♭ | F♯/G♭ | B |
| A | F♯/G♭ | E | C | C♯/D♭ | D | B | G♯/A♭ | G | F | A♯/B♭ | D♯/E♭ |
| G♯/A♭ | F | D♯/E♭ | B | C | C♯/D♭ | A♯/B♭ | G | F♯/G♭ | E | A | D |
| G | E | D | A♯/B♭ | B | C | A | F♯/G♭ | F | D♯/E♭ | G♯/A♭ | C♯/D♭ |
| A♯/B♭ | G | F | C♯/D♭ | D | D♯/E♭ | C | A | G♯/A♭ | F♯/G♭ | B | E |
| C♯/D♭ | A♯/B♭ | G♯/A♭ | E | F | F♯/G♭ | D♯/E♭ | C | B | A | D | G |
| D | B | A | F | F♯/G♭ | G | E | C♯/D♭ | C | A♯/B♭ | D♯/E♭ | G♯/A♭ |
| E | C♯/D♭ | B | G | G♯/A♭ | A | F♯/G♭ | D♯/E♭ | D | C | F | A♯/B♭ |
| B | G♯/A♭ | F♯/G♭ | D | D♯/E♭ | E | C♯/D♭ | A♯/B♭ | A | G | C | F |
| F♯/G♭ | D♯/E♭ | C♯/D♭ | A | A♯/B♭ | B | G♯/A♭ | F | E | D | G | C |

Original Row

Retrograde

Inverted Retrograde

نموونەی -١٤-


سیریالیزم بە پلەی یەكەم بە تەكنیكە دوانزە تۆنەكەی ئارنۆڵد شۆنبێرگ دەستی پێكرد، بەڵام هاوچەرخەكانی هەوڵی دامەزراندنی فۆرمێكیاندەكرد بۆ تەكنیكی سیریالی بە دامەزراندنی زنجیرەیی وەک فۆرمێك لە بیركردنەوەی پۆست تۆناڵی واتا زاراوەیەكی تری هەبێت. ئەم هەوڵە دوای جەنگی جیهانی دووەم بە تایبەتی لە ئەوروپا كاری لەسەر كرا بۆ جیاكردنەوەی تەكنیكی موزیكی دوانزە تۆن لە تەكنیكی موزیكی زنجیرەیی كە لەلایان ئەمریكییەكان بەكاردەهێنران و بریتین لە زنجیرەیی گشتی و فرە زنجیرەیی ( serialism and multiple serialism). (Grant, 2001, p. 6-5)

موزیکی زنجیرەیی بریتییە لە شێوازێکی ئاوازدانان یاخود تەکنیکێکی پێکهاتەیی، کە کۆمەڵێک بەها بەکاردەهێنێت بۆ دەستکاریکردنی توخمە موزیکیە جیاوازەکان بە بەکارهێنانی زنجیرە بۆ دەنگ، زنجیرەی ڕیتم، زنجیرەی داینامیکی، زنجیرەی کۆردەکان، زنجیرە بۆ هارمۆنی، زنجیرە بۆ هەموو توخمە موزیکیەکانی تر.

پێویستە بزانین زنجیرەیی "Serialism" پەیوەندی بە ئێکسپرێشینیزمەوە هەیە، ئەم تێگەیشتنەی 12 تۆن لە موزیک لە ئەنجامی کەڵەکەبوون دروست بووە. لە ڕووی پێکهاتەوە، ئەم تەکنیکە لەسەر بنەمای "هەمەچەشنکردن" دامەزراوە. لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنیکەکانی هەمەچەشنکردن بە شێوەیەکی بێ وێنە لەم سەردەمە، تەکنیکی زنجیرەیی "serialism" بوو بە بنەمایەکی جوانی ناسی لە موزیکی مۆدێرن.




**rhythmic_values_row**




**Messiaen_Mode_valeurs_series_Structures**

نموونە ١٥

## ئەنجام

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم دورکەوتەوە لە تۆنالیتی و لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەو فاکتەرانەی لە سەرەوە بەوردی ئاماژەمان پێکرد، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر بەکارهێنانی کرۆماتیزم بوە هۆی لەدایک بونی چەمکی تۆناڵیتی درێژکراو. لەدواییدا بەئازادانە بەکارهێنانی هەر ١٢ نۆتی موزیکی لە بەرهەمەکاندا، بووە هۆی کاڵ بوون و دەرەزبردنی تۆناڵیتێت بەتەواویی، ئەم پێشهاتانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی چەمکی ئاتۆنالیزم کە بوو بە جێگرەوەی تۆنالیتی و سیستەمی دیاتۆنیک لە موزیکدانان. بەمشێوەیە هەموو کار و بەرهەمەکانی موزیکدانەران لە سەدەی بیستەم، لەسەر سیستەمی ئەتۆنالیتی"Atonality" دامەزران. و کۆنترۆڵی موزیکی ئەم سەدەیە دەکات و هەتا ئەمرۆش بەردەوامە.

سیستەمی " ١٢ تۆن" لە ساڵی ١٩٢٠، لە دواییدا (موزیکی زنجیرەیی) "Serial music" لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٦٠ دروستکرا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارهێندرا. ئەم دۆزراوانە لەپاڵ سیستەمی ئەتۆنالیتی"Atonality"، بە گرنگترین پێشهاتەکانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێن.

بەکارهێنانی مۆودە کۆنەکان و کارکردن لەسەر چارەکە تۆن، تایبەتمەندییەکی تری سەدەی بیستەمە، بەم شێوەیەوە دەبینرێت کە میلۆدیەکانی موزیکی کوردی، لەهەمان چوارچێوە دەکرێت زۆر بە گونجاوی مامەلەی لەگەڵ بکرێت و بەیاوەری هارمۆنی مۆدێرن بەشێوەیەکی دەوڵەمەند تر پێشکەش بە جیهان بکرێت.

هەموو ئەم داهێنانانە، دەوڵەمەندییەکی بێهاوتا دەبەخشێت بە بەرهەمە موزیکیەکانی ئەم سەردەمە، کە بە سەردەمی مۆدێرن دەناسرێت.

میلۆدی موزیکی کوردی لەگەڵ هەموو زانیاریەکانی سەرەوە ئاماژەی پێکرا، زۆر بە گونجاوی دەکرێت مامەلەی لەگەڵ بکرێت وبە یاوەری هارمۆنی مۆدێرن بەشێوەیەکی دەوڵەمەند پێشکەش بە جیهان بکرێت.

## ڕاسپاردە

1. هەموو ئەو گۆرانکاریانەی لە تەکنیکەکانی موزیکدانان لە سەدەی بیستەم ڕوویداوە، جەخت دەکاتە سەر گرینگی پەرەپێدانی پرۆگرامی خویندن هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر بوارە تازەکان.
2. زۆر بەگرینگی دەبینین، کە موزیکی سەدەی بیستەم و موزیکی ئاتۆناڵ بەزووترین کات لە خوێندگاکانی موزیکی بکرێن بە مێتۆد لەپاڵ پەروەردەی بنەڕەتی موزیک لە دەزگا هونەریەکاندا پەیرەوبکرێن.
3. پێگەیاندنی قوتابی و بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی زانستی لەچوارچێوەی موزیکی نوێ و هاوچەرخ بۆتە پێویستیەکی سەرەکی.
4. ئاتۆناڵیتێت تەنها مێژوویەکی کورتی ١٠٠ ساڵەیی هەیە، گرنگی پێبدرێت و کاری پێویستی لەسەری ئەنجام بدرێت، بێگومان دەتوانرێت زمانێکی هاوبەشی هارمۆنی گەشەیی پێبکرێت.

### سەرچاوەکان / سەرچاوەی بیانی

- Arditi, David. 2014 Popular Music and Society V.37 doi:10.1080/03007766.2013.810849 hdl:10106/27052.
- ARNOLD SCHÖNBERG. HARMONIELEHRE, III. VERMEHRTE UND VERBESSERTE AUFLAGE UNIVERSAL-EDITION COPYRIGHT 1922 BY UNIVERSAL-EDITION Graph. Verlag&anstalt Paul Gerin, Wien, II.
- Arnold, Schoenberg. 1941"Composition with Twelve Tones", in Style and Idea (1984).
- Carl Dahlhaus, 1980 "Tonality," The New Grove Dictionary of Music and Musicians,, ed. Stanley Sadie, volume19, Macmillan Publishers, London.
- Forte, Allen, Tonal Harmony, third edition (S.l.: Holt, Rinehart, and Wilson, 1979): ISBN 0-03-020756-8.
- George Perle, Serial Composition And Atonality, University of California Pres 1968
- Grant, Morag Josephine. 2001. Serial Music Serial Aesthetics: Compositional Theory in Post-War Europe. Music in the Twentieth Century, Arnold Whittall, general editor. Cambridge University Press. ISBN 0-521-80458-2.
- J. Murray Barbour. 1929 "Synthetic Musical Scales". The American Mathematical Monthly, Vol. 36, No. 3.
- JOHN CAGE. 1961 Silence - WESLEYAN UNIVERSITY PRESS - First printing, 1961. Wesleyan Paperback, 1973. Printed in the United States of America 15
- Joseph N. Straus, Post Tonal Theory, Prentice-Hall, Inc., Upper Saddle River, 2000 s. 112
- Kostka, Stefan. 1990 Materials And Techniques Of Twentieth Century Music, Prentice–Hall Inc. Englewood Cliffs, New Jersey,
- Leon Dallin, Techniques Of Twentieth Century Composition, 2nd.ed.,WM.C. Brown Company Publishers, Iowa, 1964.
- Leon Stein, Structure & Style, Summy-Birchard Inc. Secaucus, New Jersey, 1979.
- Ludmila Ulehla, 1994 Contemporary Harmony, Advance Music..
- Persichetti, Vincent. 1961Twentieth Century Harmony, W.W.Norton&Comp. New York London.
- Salzman, Eric. 1974. Musique du XXe siècle: une introduction, deuxième édition. Prentice-Hall Histoire de la série de musique. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall. ISBN 9780139350153.
- Schoenberg, Arnold. 1975. Style and Idea, edited by Leonard Stein with translations by Leo Black. Berkeley and Los Angeles: University of California Press. ISBN 0-520-05294-3
- Silberman, Peter Scott "Neighbor Spaces: A Theory of Harmonic Embellishment for Twentieth-Century Neotonal Music" Submitted in Partial Fulfilment, 2006
- Willi Apel, Harward Dictionary of Music, Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts 1947.
- William W. Austin, Music in the 20th Century, W.W.Norton &Company, inc.,1966.

### سەرچاوەی کوردی

- فەرەج، غەمجین، 2005، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، هەولێر چاپخانەی منارە.

### سەرچاوەی عەرەبی

- بيركهولدر ، جي بيتر. 2001. "إيفز ، تشارلز (إدوارد)". قاموس جديد غروف للموسيقى والموسيقيين ، الطبعة الثانية، الذي حرره ستانلي سادي و جون تيريل . لندن: دار نشر ماكميلان.
- دوفورت ، هوغز. 1991. Musique، pouvoir، écriture . مجموعة Musique / Passé / Présent. باريس: كريستيان بورجوا. ردمك 2-01023-267-2 .
- روس ، أليكس. 2008. الباقي هو الضوضاء . لندن: العقار الرابع. ردمك 978-1-84115-475-6 ؛ نيويورك: مطبعة بيكادور. ردمك 978-0-312-42771-9 .
- زكريا، حسام الدين، 2004. المعجم الشامل للموسيقى العالمية / القاهرة : الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- شوينبيرج ، أرنولد. 1975. الأسلوب والفكرة ، حرره ليونارد شتاين مع ترجمات ليو بلاك. بيركلي ولوس أنجلوس: مطبعة جامعة كاليفورنيا. ردمك 0-520-3-05294 .
- طومسون ، فيرجيل. 2002. فيرجيل طومسون: قارئ: كتابات مختارة ، 1924-1984 ، حرره ريتشا
- فانينغ ، ديفيد. 2001. "التعبيرية". قاموس نيو جروف للموسيقى والموسيقيين ، الطبعة الثانية ، حرره ستانلي سادي وجون تيريل. لندن: دار نشر ماكميلان.
- فوسر ، أنجريت. 2005. لقاءات موسيقية في 1889 معرض باريس العالمي . دراسات ايستمان في الموسيقى 32. روتشستر: مطبعة جامعة روتشستر. ردمك 978-1-58046-185-6 .
- كرم، شادي و آخرين،2011 النظريات الموسيقية و الهارموني، اشراف و تقديم ڤيكتور بابينكۆ، دمشق: وزارة الثقافة،
- هارمۆنی - باراشکیف خادجیێف – 2005 وەرگێران بۆ عەرەبی د.مەکی سەید ئەحمەد – بۆ کوردی - توانا خورشید

### ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان

- https://stringfixer.com/ar/20th-century_classical_music 2022/6/11-16:06
- https://ccs.instructure.com/courses/1428874/pages/classical-music-from-1900-to-the-present 19 /12/2022 - 23:08
- https://www.britannica.com/art/Gebrauchsmusik 19 Desember 2022 - 23:15

- https://academic.oup.com/book/3844/chapter-abstract/145342823?redirectedFrom=fulltext 06 Januar 2023 – 21:22 (Composing with Tones: Five Piano Pieces, Op. 23, and Serenade, Op. 24).
- https://academic.oup.com/book/3844/chapter-abstract/145338800?redirectedFrom=fulltext 06Januar 2023 – 21:33 (Atonality and the Critical Imagination).
- http://www.openaccess.hacettepe.edu.tr:8080/xmlui/handle/11655/26507?show=full 10Januar 2023 – 00:47 (dc.description.abstract)
- https://ontology.birzeit.edu/term/Chromatic%20scale 23Januar 2023 – 23:53
- https://www.britannica.com/art/whole-tone-scale 24 Januar 2023 – 00:26
- britannica.com/art/whole-tone-scale, Mark DeVoto, 2023: Online 23 February 2023 – 22:15

**عنصر النغمية و غيرنغمية في موسيقى القرن العشرين**

**هيوا طلعت عارف**
قسم الموسيقى،كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين – أربيل،أربيل،إقليم كوردستان العراق
hiwa.arif@su.edu.krd

**إحسان شاكر محسن زلزلة**
قسم الموسيقى، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، العراق
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq

**إدريس عبدالله مصطفى**
قسم اللغة الكردية،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين - أربيل،أربيل،إقليم كردستان، العراق
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**الملخص**
هذا البحث وصفي تحليلي يعتمد على المنهج النوعي (qualitative). يصف ظاهرة أو حدثًا أو شيءً معينًا، ويحلل الأمثلة مستفيدا من الكتب والمصادر الأخرى. بالإضافة إلى ذلك، فإنه يعرض الخطوات و المراحل تغيير عنصر النغمي-التوناليتي (tonality) واستخدامها كتكنيک في موسيقى القرن العشرين. وأيظاً يوظح كيف أصبح غيرنغمي-أتوناليتي (Atonality) خلفاً له. بالإضافة إلى ذلك، فإنه يتطرق الى طريقة تجسيدها في موسيقى القرن العشرين. في هذه البحث، تمت مناقشة واحدة من أهم عناصر التأليف الموسيقي، والتي مرت بتغيرات وتطورات هائلة في القرن العشرين. وتشمل أيظًا الانتقال من الموسيقى النغمية إلى غيرنغمية، وكذلك أسباب ظهورها. بسبب نقص المصادر في اللغة الكردية، فإن المصادر بشكل عام أجنبية.
يحتوي الجزء الأول من البحث على مشاكل البحث وأهميته وأهدافه. يقدم في الجزء الثاني التعريفات والتغييرات التي طرءت على الموسيقى الكلاسيكية في القرن العشرين، بالإضافة إلى أهم اكتشافات في هذا القرن نظام أتوناليتى (Atonality) وتقنية الاثني عشر نغمة (Twelve-tone technique). يركز في الجزء الثالث على عناصر (النغمي–غيرنغمي–نظام ١٢ توّن) تقديم المعلومات الضرورية وبيان كيفية استخدامها في موسيقى القرن العشرين. كما تشمل البحث تنفيذ عدد من التحليلات، ويختتم بعرض الاستنتاجات والتوصيات وقائمة المصادر.
**كلمات المفتاح:** النغمية – غيرنغمية

**Tonality Element and Atonality in 20th Century Music**

**Hiwa Talat Arif**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hiwa.arif@su.edu.krd

**Ehsan Shakir Mohse Zalzala**
Music Department, College of Fine Arts, Baghdad University, Iraq
ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq

**Idris Abdullah Mustafa**
Department of Kurdish Language,College of Languages,Salahaddin University-Erbil, Erbil,Kurdistan Region, Iraq
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**Abstract**
This is a descriptive and analytical study, that depends on the qualitative method. Describes a specific phenomenon or an event, by using books and other sources for supporting statements and the required information, presents and analyzes examples. In addition, it presents the steps in how tonality has changed and been used as a technique in 20th-century music. On later stages, the study leaves space for its alternative; Atonality, which means (NO tonality). In addition, it presents the way they are being embodied.
In this study, one of the most important elements of musical composition is discussed, which has undergone tremendous changes and developments in the twentieth century. From there, the process of transition from tonal to atonality systems, as well as the causes of its emergence, is examined and exemplified. Due to the lack of resources in Kurdish, the used sources are mostly foreign.
The first part contains the problems, importance, and objectives of the study. The second part presents the definitions and changes that have occurred in classical music in the twentieth century, as well as the most important discoveries of this century, and the systems of atonality and the twelve-tone technique are presented as well. The third section focuses on the element of tonality – atonality-12-tone system) in presenting the necessary information and indicating how to use them in music. In addition, the study includes the implementation of a number of analyses, then, the study ends by presenting the results, recommendations, and list of sources.
**Keywords:** Tonality – Atonality